شێوەی ڕوانینی ڕۆمانووسی، ژانرێک لەدەرەوەی خوێندنەوە.. سمکۆ محەمەد

ئەو داتایەکی سەرتاییە کە لەدوای ئەوەی شیعر و شانۆ و چیرۆك بەتەواوی لەرزۆکاوا و لەدوای سەدەی 16 جێگەی خۆیان گرت، ئەم ژانرانە هەم هۆشیاری بوون و هەم گوتار و هەم بیانوویەك بوو بۆ ئەوەی سایەیەکی سەربەخۆی تر هەبێت، بەڵام کە شار گۆشەی کرد و عەقڵ بوو بەسەرداری کایەکان، ئیدی ڕۆمان هات بوو بە ئاڵتەرناتیفی نووسینەوەی مێژوو، چونکە مێژوونووسەکان بەهەر بیانوویەك بێت، بەشە دیار و زاڵەکەی دەستاتیان دەنووسیەوە، بە نموونە لەدەیان هەزار کارەکتەر و پاڵەوان لەرووداوە مێژوویەکاندا، تەنها ناوی ئاڵکساندەر مەکدەنی و جەنگیزخان و سەلاحەدینی ئەیوبی و ڕەزا شا و هیتلەر و مەسەلەنی و خومەینی و جەمال عبدلناسر و شیخ و پیاوە ناسراوەکانی مێژوو هاتووە، کەچی ناوی ئەو کارەکتەرانە نەهاتووە کە دەوریان کەمتر نەبووە لەرووداوەکان، لەڕەوە ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەربەخۆ بەردەرچەکەری کرد و جێگەی بۆژانرەکانی دیکە لەق کرد، ستایلێکی دیکەی شاراوەی مێژووی تۆمار کرد، چونکە شیعر و چیرۆك بەتەواوی ڕاقەی فەزای کەسایەتی و زەمەنە جیاوازەکانی پێنەدەکرا، هەروەها نەخشەی فراوانیان نەبوو بە ڕووداو و حەبکە و تەکنیکی نوێی ئەدەبی و تەنانەت زانست و فکریش، بۆیە ڕۆمان ڕاستەوخۆ سەربەخۆیی وەرگرت و خۆی جودا کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە کۆرتترین پێناسەدا، ڕۆمان بریتیە لەگەنجینەوەیەکی چیرۆك ئامێزی دوروودرێژ، لەمیانەی چیرۆکبێژییەوە وێنەی ژیانی کەسایەتی و کارەکتەرە ونبووەکان وەکو مێژوویەکی ووبنوو دەنووستەوە، بەوانشەوە کە پێیان ناکرێ ناویان بهێندرێت، یاخود شوناسیان وەکو کاریچکتەر واقیعییە و نابێت بەکارەکتەری خەیاڵی، چونکە هەموو ئەو کارەکتەرانی بەشداری مێژووی بزربوو دەبن، لەرووداوی جیاوازدا هەم بەشدارەبن و هەم لەرووی سایکۆلۆژیاوە وێنەیان دەگۆڕێت، لەڕەوەیە کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەربەخۆ فەزایەکی شمولی دەخوڵقێنێ، ئەوانیش بریتین لە چەند شوێن و زەمانێکی جودا کە هەریەکەیان جێگەو ڕەگەیەکی دیاریکراو وەردەگرن، هەریەکەشیان بە دەخی کارەکتەرێك دەبن، ئەمە بەهەردوو دیوەکەی کە ئاگەر دەڤەکە واقیعی بێت، یاخود ڕۆمانێکی خەیاڵی یان

زانستی بێت، هەمان ئەرکی هەیە بەجیاوازی نەخشە و تەکنیکی نووسەرەکەشەوە کە هەندێکجار بەیانوی شکاندنی دۆخەوە، خوێنەر تووشی شۆکێزانی سایکۆلۆژی دەکات.
لەرماندا کۆمەڵێك رۆگەزی گرینگ کەدەکرێنەوە، لەوانەش روداو و کەسایەتی و شوێن و زەمەن و گێڕانەوە و دیالۆگ و گۆشەنیگا هەیە، رۆمان پێکهاتووە لەکۆمەڵێك ژانری هونەری و ئەدەب جیاواز، واتە کەکەرەوەی هەم شیعر و چیرۆك و تابلۆ و فەتۆگراف و پیشە جیاوازەکان و هتد. چونکە رۆمان لەدایك بووی شارە، شاریش بریتییە لەکەکەرەوەی هەموو کارەکتەر و پێکهاتە و نەتەوە و زمان و ئاین و مەزهەب جیاوازەکان، بۆیەی کە ژانرەکە لەدایك بووی سەدەی نۆزدەهەمە، بەتایبەتی لەدوای شکستی ناپلیۆن و نووسینی ئاشتی نامەکەی ئەمانوئێل کانت کە ئاشتی سەرتاسەری خوێقاند، ئۆکات رۆمان لەدایك بوو کە راسیۆنالیزم وەکو مەرجی خۆ ئەزموونکردن بوو بمیتۆدی بیرکردنەوە، ئەمە بۆ ئەوەبوو کە رۆمان لەئاشتیدا زیاتر مەژوو بنووسێتەوە، چونکە بەردەوامی جەنگ، واتە بەردەوامی رووداو، بۆیە رۆمان لەدوای سەدەی نۆزدەوە شکڵی بوو لەرووی هونەری و زانستی و سیاسەت، بەرامبەر بەو مەژووەی کە لەپشتاو کارەکتەری سەرەکی جەنگ و رووداوەکان، کارەکتەرە چالاکەکان بزر دەکات، لەرەوێیە کە ئەمە دەبینین لەرماندا کارەکتەرەکان لە فەزایەکی ئازادتردا دیالۆگیان پێکەوە هەیە، شوێن هەمیشە کراوەترە لە شوێنی چیرۆك، شەوەی دیالۆگەکان کراوەترە و موفرەدەی دەوەمەند تێیدا بەشداری دەکات، وەکو پیشەسازی و فکر و تەکنەلۆژیا و فرە پاڵەوانی و فرە رووداوی و هتد،
رۆمان بەپێی ئەکسفەرد بێت، دەقێکی فرە رەهەندی مەعریفییە و بریتییە لە گێڕانەوەی خیاڵێکی پڕخشان ئامێز، بۆیە شیعریەتی نووسین بە رۆمان مەرجی سەرکەوتنی دەقەکەیە، هەروەها سەردی خیاڵی، دەشە وەکو هەقیقەتێکی مەژوویی بێت و بە ئەستاوە گرێبدرێت، تەنانەت ئەو پاڵەوانانەش کە ئەفسانەیین، وەکو سیزیف و هەرقل و رۆبنهود و پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی نەو دەقی ئایینی و تادەگاتە شەیتان کە لەتەکستە ئاسمانیەکاندا سیمبولی شەڕە، ئەمە بە ئاژاوە و باڵدارە ئەفسانەییەکانیش هەروایە، بە نموونە رۆمانوس دەتوانە لاماسە واتە قیسارە یان بوداق یان سیمرخ یان ئەسپەکەی تەروادە و هتد بەکاربهێنرێت.
کاتێك رۆمانوس دەنووسێت، کەواتە هەدەفێکی تایبەتی هەیە و گرەکیەتی جیهانێکی نوێ دابهێنێت، گرەکیەتی فەزایەکی کۆمەاڵیەتی یان سیاسی یان سیستمێك دروست بکات کە هەندێکجار نووسینەوەی ریاڵیتییە و هەندێکجاریش خیاڵە و دوورە لە واقیعەوە. وەکو

ئارنەلد کیتل کە ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ئینگلیزییە دەڵێ» هەندێکجار ڕۆماننوس گرێکیەتی لەرگەی نووسینەوە پەردە لەسەر هەموو شتێك هەڵماڵێت و بیخاتە خانەی گاتەجاییەوە، هەوڵەکەش بەخشینی ئومێدە بژیانێکی خۆش و خەیاڵی کە هەم خەیاڵەکە و هەم پاڵەوانەکە دروستکراون». سەرڤانتس لە دەقی دەنکیشۆتدا ئەم ستایلەی تاقی کردەوە.
ڕۆمانووس لەسەریەتی پلانی هەبێت بۆ داشتنی نەخشەی دەقەکە، لەوشەوە زینەکی نوێ بدات بەخوێنەر کە پێشتر لەدەقی دیکەدا ئاشنا نەبووە بۆ ڕوداوانە و مژووش فلتەری کردووە، یان ئاشنا نەبووە بەخوێندنەوەی ئەو دەقە، یان ئەو حیکایەتانەی کە تائەوکات نەیبیستوون.
پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئەمە بەچی باسی ڕۆمان دەکەین؟. بەچی دۆمانەوە خەمان ئەزموون بکەین لەرگەی ڕۆمانەوە و خەمان بنووسینەوە؟، یان خەمان لە کارەکتەری ڕۆمانەکدا ببینینەوە؟. بەچی دۆمانەوە مومارەسەی قورسترین کاری ئەدەبی بکەین؟. چونکە دەزانین ژانرەکە هەموو ژانرەکانی دیکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە بەشیعر و چیرۆك و فەتەگراف و شانۆکاری و بیناسازی و ئابووری و سیاسەت و سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و هتد، هەروەها دۆمانەوە بەشداربین لەدروستکردنی ئەو دونیایەی کە یەتەپیایە، ئەو فەزایە بخوێنین کە بە گەنجان هەم بەهەشتەکی وەهمیە و هەمیش دەزەخ؟، هەروەك ئەوەی کامە یان سالینجەر یان مارکیز یان فەرستەر و ئەرهان پامۆك و هتد، لەدەقەکانیاندا باسی هەدەفی کارەکانی خۆیان دەکەن.
بە نموونە کە باسی ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی بەسەرچووی) مارسیل پرۆست دەکەین کە درێژترین ڕۆمانە و لە 7 بەرگ پێکهاتووە، باس لە کارەکتەرێکی جوو دەکات بەناوی (سوان) کە لەچینی ئەرستۆکراتییە و خەزانەکیان روخاوە، کارەکتەرەکە کۆتتە نەوان جەنگ و خزمەتی سەربازی و سەری لەشواوە، کۆاتە باسی مژووی تاك دەکەین، باسی فەزایەك دەکەین کە مژوو دووبارەی دەکاتەوە، کە باسی دەنکیشۆتی سەرڤانتس دەکەین، یان باسی تاوان و سزای دایستۆفیسکی دەکەین، یان باسی سەد ساڵ تەنیایی مارکیز دەکەین، چونکە زینەکمان پێدەدەن کە بریتین لەخوێندنەوەی سایکۆلۆژی بە کەمەگە و دەنکیشۆت بە گاتەجاییەوە لەبەرامبەر سیستمی سیاسی دەسەڵات، مارکیز باسی پاڵەوانەکی ئەفسانەیی دەکات کە لەشکستدا ئومێدی بە شکۆش ماوە و هتد، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا زۆقتر دەبێتەوە، ئایا ئەو دەقانەی بەنموونە هێناومانەتەوە، شۆپۆلی ڕۆمانووسی بە ئامانج بوون؟، ئایا ئەم دەقانە خوێنەریان دوچاری ئیلتیزام کرد یان دووریان خستنەوە؟. ئایا ئەم دەقانە

پرسیاریان درووست نەکرد؟ دواتر وەامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە .

رۆمان و مۆژوو

بۆیە مۆژوو بریتی نییە لەوەی نووسراوە و دەستکاتی سیاسی و حوکمڕانی ئیمزای کردووە، چونکە غەدر لەکارەکتەرە ونبووەکان کراوە، کەواتە خۆیاڵی نووسەر فراوانترە لەمۆژوونووس، کەواتە فراوانتر دەرەوات بە ئەوەی پنتە مۆژووییەکانی نتەوە بنووستەوە، نووسینیش بەمانای پیشەسازی دەت بەتایبەتی بە ژانری رۆمان، لەکاتێکدا نووسەر لەبەردەم ئاگادارێکی سەختدایە کە ئەویش پلەی سفرە بە نووسین، ڕەلان بارت جگە لەم باباتە کە بە هەموو ئەدیبێك بە جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە دەگرێتەوە، باسی پلەی سفری نووسین دەکات، لەڕە (پلەی سفر) کە تاکو ئێستا هیچ وەامێکی ڕەهای وەرنەگرتووە، تەنها وەناکردنی سنووری نێوان مانای حەرفی و مانای مەجازی نابە، یان ئەو نووسینانەی کە تەامانن بەسەر دەقێکی تر، هیچ مانایەکی دیکەی نییە خوێنەر ئاشنای بەت، ئەوانەش کە پێیانوایە «پلەی سفری نووسین پێوەندیی بەکەنتەکستەوە هەیە، ڕەمانیش تێزییە لە کەنتەکستی سەرنجاکێش، بەتایبەتی ئەو کەنتەکستانەی کە خوێنەر بیری ناچێتەوە و هەندێکجار لەزمانی ڕژانەدا بەکاردێت، ڕەنگە ئەم ستایلە لەنووسین بەتایبەتی لەدەقی ڕۆمان، بەمانای بیناکردنێکی پیشەسازی بەت بە نووسین، کەوابوو لەگەڵ دەستاودەستکردنی مانا و کەنتەکستی هونەرکاری، دیاری ناکرێت و بەکارێك قورس تەماشا دەکرێت، هەموو ماناکێش لە (چاوە ڕەشنکەرەوەکان) دا دەردەکەون، لەکاتێکدا لەروی زانستییەوە، ئەندازیار و کارەبایی و تەلارسازی و زانستکارەکانی دیکە، وشەی ڕەشنکەرەوە بەو جۆرێیە دەڵێن کە لەگەڵ خۆیدا ڕەشنایی بەرهەم دەنێت، خە ئاگەر ڕەهەندی ئەم زاراوە، یان وشەیە لەغەتێکە و کاری پێدەکرێت، ئەوە دەکەوینە بەردەم مانایەکی تری دژی مانای پێشوو، ئەویش نەشازیە، واتە ناوەزەیی سایکۆلۆژیی دەلالیە و هیچی تر، بارت لەڕەدا بە سەلماندنی باسکەی و بەکارهێنانی وشەکە، شیعرێکی پۆڵ ڤالیری بەنموونە دەهێنێتەوە.

(ئەو بانە لازوردیە هەمنیەی کە کەترکان لەسەری دەڕژن
لەنێوان دار سنەوبەر و گەڵاکاندا دەلەرزێ
دەریا، دەریا، هەمیشە دەریا)

پۆل ڤالیری لەڕەدا لەبەیتی یەکەمدا تەنکی بەفری لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە لەمامەڵەی حەرفیدا بەکاریدەهێنێت، بەهەی نەبوونی نەشازی سیفەتی ڕیشتنی بەسەر کەترکانەوەیە».

جگە لەو بەکارهێنانەی رابردوو، ئێستاش ڕۆمانووس هەیە خۆیاڵی

ئیمبرتۆ ئیکۆی بەکارهێناوەتەوە، جان دەست ڕۆمانووسێکی کوردی سوریایە، لەڕۆمانی میرنامەدا هەمان ئەو دیمەنەی نووسیوەتەوە کە ئیمبەرتۆ ئیکۆ لە ڕۆمانی گوڵی سووردا نووسیویەتی، لەچاپتەرێکدا کتێبی میر ژەهراوی دەکرێت. ئەم حاڵەتە بەکاریگەری هەژمار ناکرێت، چونکە خوێنەری دونیای دوای پێست مەدێرن، ئەم ستایلەی دەرباز کردووە و هەشیارترە لە دونیای مەدێرنی ڕابردوو، بۆیە ئەم دیاردەیە بەوەرگرتنی ئەدەبی هەژمار دەکات کە ئەمە پێی دەگوترێت ئیتلیزامی خوێنەر، لەکاتێکدا ئەم حیکایەتە لەهەزار و یەکشەوشدا هەیە کە بەرخیس بەدانپێنان باس لەکاریگەرییەکەی دەکات.
هەر حیکایەتێکی بزرکراو یان پشتگوێ خراو کە سەرنجراکێشن، هەر یەکێك لەو کارێکتەرانەی کە دەوریان هەبوو لەدرووستکردنی مەژوو، ناویان هەبووە و خاوەنی چیرۆکی تایبەت بوونە، هەر یەکێك لەو نەتەوە و مەزهەب و ئاین و تایفە و هتد، لەڕێگەی گێڕەوە یان حیکایەت خوانەوە دەنووسرێنەوە، هەر قەناغێك کە خاوەنی یەك دەنگ یان فرە دەنگی بووە، دەکرێت ببن بەهۆیەنی سەرهەڵدانی ڕۆمان، بەمەرجێك ڕۆمانووسەکە زەمەن و دونیا بینیەکە دوور نەخاتەوە لە خهیاڵی خۆی و وەکو خۆی بەمان بنووسێتەوە، چونکە خوێنەرکانی دەق و ڕەخنەگرە ئەدەبیەکان، بەڵەبەرچاوگرتنی ئەو دیکەمێنتانەی کە وەهامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، جەخت لەسەر چەند ڕەگەزێك دەکەنەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە زمانە، پاشان پشت بەستن بەتەکنیك و ستایل و شیعریەت و یادەوەری و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان، ئەمانە هەمووی فەزای دەقەکە پێکدەهێنن و ئامانجێکمان پێشکێش دەکەن، چونکە نابێت ئەوەمان بیربچێت کە ئەدەب هەدەفی خۆی هەیە، ئەمەش جۆرێك بوو لەناسازایی نووسەر بەرامبەر بەسیستم و حوکمەانی دەوڵەت.
لەهەموشتێك گرینگتر ئەوەیە کە دەقنووس واتە ڕۆمانووس بە ئەوەی بونیادی دەقەکەی پتەو بخاتە بەردیدی خوێنەر، شارەزایی لەمەژوو و ئابووری و بازاڕ و ئیدیۆمی نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە و هتد هەبێت، بەچی دەڵێم مەژوو، چونکە یەکەمین وەزیفەی ئەدەبی ڕۆمان، پێکردنەوەی ئەو کەلێنە بوو کە مەژوو نایدەتوانی بینوسێتەوە، نووسینەوەی مەژووش وەکو خۆی هەڵی سوور بوو، هەروەها دەوری کاریگەری ئەو خەڵکەی زیندوو کردەوە کە لەمەژوودا وجودیان هەبوو، بەناو مەژوونووس پشتگوێی دەخستن، کە دەڵێم ڕۆمانووس شارەزایی هەبێت لە ئابووری و بازاڕ، مەبەستم ئەوەیە کە هەموو سەردەمێك دراو سەرچاوەی ئابووری خۆی هەبووە، بە نموونە لەکە و خوری و خواردەمەنی و خەوز و هتد. بازاڕی موفرەدەی تایبەتی خۆی هەبوو کە بەکاردەهات، بە نموونە پارە موفرەدەیەکی ئابووری نوێیە، پێشتر پێیان دەگوت

ئەسکەننەس، ناکرێ ڕۆمانووس دوچاری هەڵە بێت لە بەکارهێنانی موفرەدەی بازار، یان لەبری ئیزرام کیلە بەکار بهێنێ، یان لەبری رببە فەردە و تەن بەکاربهێنێ، ئەمە جگە لە موفرەدەی ناوبازار کە دوکاندار و کڕیار و پیاوانی دەوڵەت بەکاریان دەهێنا.
شارەزابوون لە کەش و هەوا و ژینگە، ئەمە لایەنی زانستیە کە نابێ ڕۆماننووس ئەوانە لەبیر بکات کە ڕاوچی کەی دەتوانێ ڕاوی ماسی یان کەو یان باسی گوڵك یان بزی درەختك یان ڕووکەك بکات کە وەرزی نەبووە، یان باسی زاوزێی ئاژەڵ، یان پەڵەوەر و پشیلە و سەگ و هتد بکات کە وەرزکەی جودا بێت.

کێشەی ڕەمانی سەردەم

حیکایەتخوان وەکو نموونە

حیکایەتخوان زۆرترین پەیوەندی بەخوێنەرەوە هەیە، چونکە هەموو شتەك لەڕگەی ئەم کارەکتەرەوە دەگوترێت، بۆیە گرینگی ئەم کارەکتەر یان پاڵەوانە کە هەندێکجار کەنتڕۆڵی هەموو کایەکانی دەقەکەی کردووە، بەشێکی سەرکیبە لەداشتنی نەخشەی ڕەمانەکە، چونکە گوزانەوە لە گۆشەنیگای کەسی یەکەمەوە ئۆکات بەکاردێت کە حیکایەتخوان، بەزمانی کەسی یەکەم ڕاناوی من بەکار دێنێ، هەندێکجاریش دێشە ڕاناوی ئەمەش بەکاربهێنێ، چونکە حیکایەتخوانێ و ئەو دەتوانێ بەڕەو کەتایی حیکاتەکە ئاراستەمان بکات، ئەوە هاوانگەی بینینی زەمەنکەیە، بۆیە ڕۆمانووس ئەو پاڵەوانە بەسەنتەر وەردەگرێت و هەندێکجار هەموو ڕوداوەکان ڕادەستی ئەو دەکات، ئەم جۆرە حیکایەتخوانە یان پاڵەوانە پێی دەگوترێت هەموو شتزان، واتە هەموو ڕووداوەکان و ئاراستە زەینییەکان لەدەساتی ئەو پاڵەوانەیە، ئەویش خودی ڕەمانووسکەیە.
زیندانیکردنی پاڵەوان یان کارەکتەر، کێشەیەکی دیکەی نووسینە، چونکە بەوایەك هەیە کە پێیوایە ڕەمانووس نابێ ئەوەندە دیکتاتەر بێت هەموو پاڵەوانەکان بەئارەزووی خێ ئاراستەیان بکات، تەنها ئەوە نەبێت وەزیفەی کارەکتەرەکە ماوە، یان فەرزە دەبە وابێت، بۆیە بەشێکی زۆر لە ڕەمانووسە ناودار و لەکانیەکانیش ئەو ڕەخنەیان لەسەرە کە بەبێ ئاگا دیکتاتەری نووسینن و کارەکتەر یان پاڵەوانی دەقەکە دەکوژن یان دەیکەن بە پاڵەوانی وەهمی، کە ئەمە خوێنەر بیزار دەکات و دەیکات بە مایەی مەلەل، بە نموونە ڕەمانی حەمەدەکی یەشار کەمال، ئەم فەزایەی بەسەردا زاڵە.
سەبارەت بە خوێندنەوەی سایکەلۆژی بە دەقی کوردی، من پێموایە کە ڕەنگە باشترین خوێندنەوەی سایکەلۆژی بە دەقی کوردی هەرەك خوێندنەوەکانی ئەو ڕەمانانەی لەسەدەی ڕابردووەدا کران لاوازە،

چونکە لایەنی کەمی شارەزایی تێدا نییە لەباری سایکۆلۆژی دانەری دەق، هەروەك ئەوەی دانەرێك هیچی لەسەر نەنووسراوە و مردووە، بەڵام ئەم مانای ئەوە نییە کە ئەمە لەگەڵ دانەر مامەڵەمان کردووە، بەقەد ئەوەی لەگەڵ ئەو دەقە مامەڵەمان کردووە کە لەسەر وەختی خۆیدا نووسراوە، زۆربەی ئەو دەقانەی کە بەناوی رەمانەوە چاپ کراون، کۆشگەلێکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتووە، لەوانەش تێکەڵکردنی تەکنیکی زمان، هەروەها بەکارهێنانی کارێکتەری وێنەیی و کارێکتەری واقیعی، یان وەهمی فرە کارێکتەری لە دەقێکدا و نمایشکردنیان لە فەزایەکدا، جارێکی تر بزرکردنیان و بەدیارخستنی کارێکتەرێك کە دەقنووس خۆی مەبەستی بووە، ئەمە داهێنان نییە، بەڵکو ئاستێکی نزمی گونجاندنی تاك پاڵەوانی و فرە پاڵەوانی یە، ئەمە بەپارادۆکسی نووسین هەژمار دەکرێ، لەحاڵێکدا تائێستا نەخوێنەر و نەرخنەگری کوردی پرسیاری ئەوەیان لە چیرۆکنووس و رەماننوسی کورد نەکردووە، بۆچی ناتوانن کۆمەڵە لەفولکلۆر و ئەفسانە کوردییەکان وەربگرن، بۆچی ناتوانن نموونەیەکی نوێی ئەدەبی پێست مەدەرنە پێشکەش بەخوێنەر بکەن، لەکاتێکدا رەماننوسی عەرب و رۆژئاوایی نییە کۆمەڵێکی لەهەزار و یەکشەو و کەلیلە و دیمنە و بەسەرهاتی ئامانی وەکو نۆتۆیەکی رەسەن نەبینیبێت وەکو سەرچاوەی ئەدەب.

هەکارێکی دیکەی نەبوونی خوێندنەوەی جددی بە دەقی کوردی، ئەوەیە کە لەنەوان ئیرەسی ئازاد بوون و لەگەسی کۆنتڕۆڵدا پێنتەك هەیە، ئەویش ئازادی بیرکردنەوەیە، چونکە تێگەیشتنێکی پێشوەختە هەیە لەم نەوانەدا بە ئیرەس و لەگەس، چ جای ئەوەی کە کۆنتڕۆڵ لەسایەی کەمەگەی کوردیدا کە دەسەاتێکی نادیارە، لەزەربەی دەقەکان هەست بەوە دەکرێ دەقنووسەکە لەنەوان خوێندنەوە بیرکردنەوەدا، ئەو پێنتەی وەرنەگرتووە کە بیرکردنەوەیە، بە ئەمە دەتوانم تاڕادەیەکی باش بڵێم هەناسەیەکی نەهیشتووە بە ئازادی نووسین و دەقی نوێ، تاکو رەخنە ئامادەیی ئەوەی هەبێت دەق شیتڵە بکاتەوە و ئەو مانایە بەرهەمبێنێ کە هەم دانەر مەبەستێتی، هەم بەئاسانی دەگاتە خوێنەر و لاسایی کردنەوە نییە، ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوەیە کە رەنگە قەیرانی خوێنەریش هەکارەکەی هەر ئەمە بێت، بەڵام ناتوانین بە تێکستی (لە خۆما) ی جەمیل سائیب، یان چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ناوی دەقی خەماڵی لێنێین، یان رەمانی (ڕەگا) ی محەمەد مەلوود مەم چونکە دەقەکان بریتیین لەو خەونانەی کورد هەیەتی بە ژیانێکی شایستە، بەوپەیەی کە وازانراوە دەقی خەماڵی بریتییە لەو تایبەمەندییانەی کە موڵکی نۆتۆیەکە، یان دابڕانێکە لەنەوان تێکستی پێش خۆی و واقیعی خۆی کە دواجار دەبێتە

ستایل و لێرەگەی لاسایکردنەوە دەناسرێتەوە.
ئەو خوێندنەوە دەروونیانەش بە دەقی کوردی کراوە، جگە لەوەرگرتنی دەقێکی ڕەخنەیی بیانی و تەنها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و هیچی تر، یان عەرەبی بە سەر دەقێکی کوردی هیچی تر نییە، لێرەدا ئەمە دەبینین کە ئەوەی کە ئێستا لە دونیای ئەدەبی کوردیدا ڕەخنە یان خوێندنەوەی دەق، لە حاڵەتێکی نائامادەییدا دژی و نووسەر زەرن و ڕەخنەگر نییە، بەڵکو ناتوانێ لە کایەکانی دیکەشدا ئازاد بێت، بەپێچەوانەشەوە نووسەر هەرزی ڕەخنەیەک ناکات کە لەدەرەوەی لێژیکی بیرکردنەوە و ئاستی دەقێک بێت کە لەچوارچێوەی ڕەخنەدا بکەوێتە بەر میکرسکۆپی خوێندنەوەی تیۆریەوە، باشترین حاڵەت بە سەلماندنی ئەم بۆچوونە، ئەویە کە خوێنەرێک هەڵکەوێن بە دەقێک بکات و بەدوای مانادا بگەڕێ سا ئەو دەقە شیعر بێت یان چیرۆک، تاکو پشتوی و ئاڵۆزی دەروونی دروست دەکات و مانای دیکەی پێ دەبەخشرێت.

ڕۆمان و ناسیونالیزم

داگیرکاری کە لەسەدەی پێش زایین لەئیمپراتۆریەتکەوە بە سەر وڵاتانی بچووک و خاوەن کولتوور و فەرهەنگ، تەنها داگیرکاری جوگرافیا و ئیکۆنۆمی نەبووە، بەڵکو دزین و بەتاڵان بردنی فکر و ئەدەب و دیکۆمێنتاری و فەرهەنگکانیشیان بووە، بە نموونە کە ئیمبراتۆریەتی ڕۆما، یەنان داگیردەکات، یان ئیسلام کە تاکو ئەندەلوس دەچێت، یان جەنگیزخان یان تورکە عوسمانلیەکان کە تەواوی ڕۆژهەڵات داگیر دەکەن، جگە لەداگیرکردنی جوگرافیا و کەڵەگە و فەرهەنگکەیان، داوا لەنووسەرانیش دەکەن وەکو جەنگاوەر و مافناس و سیاسییەکانیان کەڵک لەئەدەب و فەلسەفەکەیان وەربگرن، بۆیە ئەدەب بەتایبەتی ژانری ڕۆمان بوو بەیەکێک لە هەکارەکانی بەرگری کردن لەنەتەوە و زمان، بەومانایەی بەرگری لەنەتەوە، چونکە ڕۆمان هەموو جومگە و لایەنە شاراوەکانی مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و ئیدیۆمی نەتەوەیی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، ئەمەش یەکێکە لە گوتاری ناسیونالیزم، واتەر سکوت لەبارەی سکۆتلەندا نووسیویەتی، هەوێداوە نەریتە باوەکان لەڕۆمانی هاوچەرخدا ڕوونبکاتەوە، بەو کارەشی زەمەنێکی مێژوویی کردە هەوێنی کارەکانی و تەوزیفی کردن، ئەمە جگە لەکەڵک وەرگرتن لەداستان و ڕوداوە فەرامۆشکراوەکان و ململانێی نێوان چینەکان و خێڵەکان و نەتەوەکان و هتد. لەحاڵەکدا هیچ یەکەک لەو ڕوداوانە خاڵی نەبوونە لە ڕۆمانسیەت، بۆیە بەدنیاییەوە دیمەنی ڕۆمانووسی کچ و کوڕێک یان خۆشەویستی

جەراوجێری تەوزیف کردووە لە زیندوکردنەوەی مێژووەکە.
شێوەی ڕۆمانnووسی
هەموو ئەو نموونانەی کە لەسەرەوە وەرمگرتوون و موناقەشەم کردوون، ئەرگومێنت بووون بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی دیکە کە پێوەندی بەو شێوەیە ڕۆمانnوسیەوە هەیە کە ئێستا بۆتە باو، ئەو دەقانەی کە هەڵگری شوناسی ڕۆمانن و بوون بەستایل و تەکنیکی نووسین، بەڵێ هەستەنگاندنی نوێ و تیۆری ئەدەبی، خەمڵکی دیکەی هەڵگرتووە کە جودایە لەو خەمڵەی دایستۆفیسکی و سەرڤانتس و تەستۆی و تادێگاتە مارکیز، بۆچی؟، چونکە بەڵێ تێگەیشتنی (ماڵکام برادبری) کە ڕۆخنەگری ڕۆمانە، پێی وایە جیهانی ئەمڕۆ بەهەموو موفرەدەکانییەوە ستایلی ژیانی گۆڕی، ئەوەی تاکو دوێنێ بووخ و عارەبانە و ماشینی خاو پێویستییەکانی ژیانی پێ بەڕێدەخرا، ئەمڕۆ هەموو کەس خاوەنی ماشینە و ماشینی زۆر تیژتڕەو هەیە شەمەنەفەر و فڕۆکە هەیە و زەمینەی گەشت فراوانترە لەسەدەکانی ڕابردوو، کەرستەکانی وەکو تەلیفۆن و تەلەفزیۆن و ریکەرد هەموو بە ئامڕازێك دەکرێت کە خوێندەوار و نەخوێندەوار هەیانە و دەتوانن ڕۆژنامەنووس بن و دەرهێنەری کورتە فیلمی ژیانی خۆیان بن و یادەوەرییەکانی خۆیان بۆئاسانی تۆمار بکەن، ئەمە بە نووسەری نوێ و بەناونیشانی ڕۆمانnووس ئاسانترە، چونکە خەی خاوەن تایپ و خاوەن بۆیار و خاوەن پوڵ و چاپخانەیە، هەر خۆشی خاوەنی دابەشکردنی کاکەیەتی.
ژینگە هەکارەکی دیکەی درووستکردنی کارەکتەرە، بەدەستهێنانی زانیاری ئاسانترە لەجاران، ئەمانە هەموو حاڵەتی سایکەلۆژی ئینسانی ئەم سەردەمەن کە لەگەڵ ئینسانی ڕابردوو جودا کردەتەوە. بۆیە ڕۆمانnوس ناتوانێ ڕاسکەلینکۆف و ئیمیل ستیکلیز ی هەرمان هیسە و زۆربا یەکی تر بخوڵقێنێ. کەواتە ئاسان نییە ڕۆمانnوسی بتوانێ خوێنەری ئەستا ڕازی بکات.
ئەوەی کە خەڵکەکی زۆر بەڵای ڕۆماندا ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە ڕۆمان ئەو ژانرەیە کە سەبکەکی دیاریکراوی نییە، لەڕاستیدا، ڕۆمان پێویستی بەدژوارترین سەبکە، شێوازێك کە بتەواوەتی خۆی دەکاتە پێویستی بابەتێك، هەر لەبەر ئەمشە دەتوانین بیر لەنووسەرێك بکەینەوە کە هەرێك لە ڕۆمانەکانی بەسەبکەکی جیاواز دەنووسێت».
لەسەرەتای هەزارەی سێهەمەوە شێوە نووسینێك پەیدابوو لەنێو ئەدەبیات و بۆتایبەتیش بۆناو ڕۆخنەی ئەدەبی، گوایە زمانی بونیادگەراکانە و نووسینەکانیان بتەواوی ڕەنگیدابەوە لەسەر نووسەری نوێ و ببوو بە جۆرە نەخشیەکی نووسین کە گوایە پێ لەمعریفەی نوێ یە، بەڵام ستایلەکە تەمەنی کورت بوو، چونکە هەم پراکتیك نەدەکرا بەسەر دەقی کوردییەوە، هەم نەیانتوانی هیچی نوێ

لەبارەی دۆق و ئەدەبی کلاسیکی کوردی بدرکێنن و مەرکی فکری کوردی وەربگرێت، وەکو بونیاد و زمانی گۆشەندووی کوردی، لەحاڵێکدا بیرمەندێکی وەکو (میخایێل باختین) خەی ئەم جۆرە زمانە رەتدەکاتەوە بە قسەکردن لەسەر ئەدەب» باختین بانگەشەی ئەوە دەکات کە (فەردیناند دی سۆسەر) جۆرەکانی قسەی فەرامۆش کردووە.
لەهەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە قسەیەك هەیە دەڵێ « رۆمان لە چاپخانە لەدایك بووە و سوودەکەشی هەر بە چاپخانەیە». سۆسیۆلۆژیە ئابوورییەکان پەیانوایە پەیوەندی بازاڕ بە دانەرەوە، پەیوەندی بەو جۆرە خوێنەرەوە هەیە کە کەمتر بیر دەکەنەوە لەگەڵ خوێنەری فکر، یان سیاسەت یان یاسا و زانست، هەر ئەم تێگەیشتنەشە کە بازاڕی بە نووسەر و خوێنەر درووست کردووە و هەرچی زیاتر نووسەرەکان بەلای ژانری رۆمانەوە بچن، بەو پێیەی نەرمانووس کێنتاکتی بە خوێنەرەوە هەیە و نە خوێنەریش دەتوانێ نووسەر ببینێ و لەسەر دیمەنێك یان هەڵوێکی مۆژوویی یان هەر کێشەیەك نووسەر دادگایی بکات، مەگەر خوێنەری دۆق یان رەخنەگر بێت و دۆقەکە دادگایی بکات، یان ئاشکرای بکات وەرگیراوە لەدۆقێکی تر یان هەر شتێکی تربێت، بە ئەمەش خوێنەری رۆمان ناتوانێ رەخنەی ئەدەبی بخوێنێتەوە و ئیدی نەبێتە کەیاری کایەکی بە کێك لەبازاڕی وەهمی، ئەمە هەکارێکی دیکەیە کە رۆمانووسی بە ناونیشان و بە زانیاری و بە مەعریفەی درووستکردوە.
ئەو شێوەلە بەناو نووسەرەی کە ئێستا رەگیان پێدراوە رۆمانوس بنووسن و بونە بەواقیعێکی ناجور بەسەر ئەدەب و بەسەر خوێنەرەوە، بەشی زۆریان لەکارگەی سیاسەتەوە هاتوون و کرێگیانە مۆژووی نێووسراو بشوێنن، گرێکیانە خوێنەر دوور بخەنەوە لەمەعریفە و لەخەیاڵ و لەدوونیا بینی، ئەمە جگەلەوەی کە کێکیان لەو کەلێنە وەرگرتووە کە هیچ سانسەرێکی فکری و مەعریفی نییە لەمەیدانەکە، هەروەها ناکۆنە نەو بازنەی رەشنبیریەوە تاکو خوێندنەوەیان بە بکرێت و سنوورێك بە ئەو فەوزا خوڵقاوە دابنێن، بەیە هەر گروپ و دەستەیەکی شارەکان، بازنەیەکی بچووکیان درووستکردوە و زمینەیان بۆخۆیان سازکردووە تاکو بەبە سانسەر بنووسن و بڵاوبکەنەوە و خوێنەری کەم مەعریفەش قەناعەت بکات کە ئەمانە دۆقی نوێن.
ئەم شێوەلە رۆمانوسەی کە لەسەر ئەرکی خەیان کتێب چاپ دەکەن و هیچ دەستگایەکی چاپەمەنی دانیان پێدانانێن و بۆفەرمی وەکوو نووسەر ناناسراون، هەموو هەوڵێك دەدەن وەکو نووسەر و ئەدیب دەرکەون، لەکاتێکدا شارەزاییان لە مەرجەکانی نووسین و ئەرکی نووسین و هەدەفی نووسین نییە، ناتوانن چیرۆکێك بنووسن و دۆقێك

لێگۆ دەقێکی دیکەدا جودا بکرێنەوە، کەمترین زانیارییان هەیە لەسەر مێژوو، زاربیان بەخەیاڵی نەستالیژیاوە دەنووسن کە نازانن نووسینەوەی نەستالیژیا قورسترین ئەرکی ئەم ژانرەیە، چونکە ناکرێ نووسەر وەکو خەی ناوی کارەکتەرە و رووداوەکان و خودی بابەتەکە و شوێن و کاتەکەی بهێنێ، لەسەریەتی بیکات بەخەیاڵ و لەزەینی خوێنەر تەماری بکات، لەکاتێکدا نووسینی ڕۆمان بەر لەهەر شتێك خەیاڵە، بەڵام ئەم شێوازەی ئێستا گرێی بەنووسەر بوون و بەخاوەن کتێب بوونیان هەیە، بەبێ خود سانسەری خەیاڵ و فکری نووسەری دیکەش وەردەگەرن و دەستکارییەکی چینینەوەی دەکەن و دەیکەن بەموڵکی خەیان، بەیە بوون بە بەشێك لەم شێوازە دروستکراوەی ئەدەب. سەرەنجام ئەوەمان بە دەردەکەوێت کە ئەم شێوازە لەڕۆمانووس، دابڕش دەبن بەسەر چەند گروپێك، گروپی یەکەم ئەوانەن هاندراون بۆ ئاستێ نزم، هەم ئەدەب بە ئەرزش بکەن، هەمیش شەرعیەت بەئازادی نووسین بدەن. گروپی دووهەم ئەوانەن کە لەڕەگەی لەکاییەوە دەخکەیان لەبەتە واقیع و خەیان لەبووە بەنووسەر و ئەدیب، گروپی سێهەم ئەوانەن کە دژی خوێنەری بەرپرسیارن، ئەو خوێنەرەی کە بەمانای خوێنەر بوردی تەماشای دەکات.

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە

1 : امبیرتو ایکو. التاویل بین سیمیائیات و التفکیکیە. ترجمە و تقدیم. سعید بنکراه. دار المرکز الپقافی العربی. بیروت. 2004. ص147

2: عەلی عوسمان یاقوب. ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. 2019. ل294

3: فولفغانغ ایزو. افاق نقد استجابە القاریو. ترجمە. احمد بوحسن. الپقافە الاجنبیە. العدد الاول. 1994

4: ئەرهان پامك. ڕۆمانوسی سادە و ڕۆمانووسی بیرکەرەوە. وەرگێڕانی. بەکر شوانی. ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە. 2016. ل35

5: بول ویست. الروایە الحدیپە. ترجمە. عبدالواحد محمد. منشورات وزارت الپقافە والاعلام. سنە .1981

6: جیریمی هولون. مدخل لدراسە الروایە. ترجمە. غازی درویش عگیە. دار الشۆن الپقافیە العامە. .1996

7: ئەلبەر کامە. یاداشتەکان. وەرگێڕانی بە کوردی. پشێو حسێن. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ساڵی.2014. ل126.

بەکـــــــــــــــــــورتی 27: مـــانـــــەفتـارکردن.. خـەمـــەکـردن خـۆگـلـییـە!.. ئازاد حـەمـە

مـــەگـەرایـــــی Sheepishness بـەمـانـــــای مـــانـادەرکـەوتـــــن و مـــانـەخـۆنیشاندان دەت و هاومانای شـەرمـەزاریـە. قسـە یان ڕەفتاری مـــانـەsheepish قسـە و ڕەفتارگـەلـێکی شـەرمئامـێزن. ئـەوانـەی مـــانـە دەژین و هـــەسوکـەوتدەکـەن خـەمـــەکردنیان لا سادەیـە. هاوکات بـە شـێک لـە مـڕۆڤـە مـــەکان دەزانن چییدەکـەن و چـۆن چوارچـێوە بـە ژیانی خـۆیان دادەنـێن. مـــەئاساماڵـــەکردن واتـە بـە باکانـە، گـەلانـە ڕەفتارکردن. ئـەوانـەی ڕەفتـــارمـــەن بـەرپرســیارئامـێز نیـیـــن و چـــاوەڕوانی هیـــچ گـــەانکاریـێکی جدییشیانـەنـاکرێت.

شـــەڤـێی مـــانـە مـــاڵـــەکردن Act Sheepish بـەرەو ئـەوەمـــان دەبـــات بـــەڕێن: مـڕۆڤـە مـــەکردارەکان لـەکـەوتـەیان زیـاد؛ کرداری گـەمـژەئاسا و هـــەڵەی دووبارەیـــان لـە زیادبووونـــدایـە. خـەمـــانـە نیشانـــدان واتـە مـــانـە بیرکـردنـەوە و مـــانـە تـێگـەیشتـن. ئـەمـش هیچـی کـەم نیـیـە لـە هـەست بـەگـەمـژەییکردن و خـۆشـەمـزارکـردن لـەنـاو خـەڵکـدا. ئـەوانـەی مـــانـە لـەم دونیایـە دەن و دەچن هـەر مـــانـە دەڕۆن و شـتـێکی ئـەوتـە لـە پاش خـۆیان جـێناهـێڵن جگـەلـە دیـرەکـێکی پـە مـــانـە.

لـەسـەر بـنـەمای ئـەوەی لای سـەرەوە گوترا دەپرسین: کـە مـــەبوون لـە چیـیـەوە سـەرچاوەدەگـرێت؟ باشـە خـەمـــەکردن خـۆگـلـیی نیـیـە؟ کردارەیان بیرکردنـەوەیـێکی مـــانـە دەڕۆنجامی چیـلـدەکـەوتـەوە؟ مـــانـە دەرکـەوتن واتـە چی؟ کـە پـەویستی بـە خـەمـــەکردنـە؟ مـــانـەژیان، مـــانـە هاوڕێـیـەتیکردن و ..... بـە؟ سیاسـەت کار لـەسـەر بـەمـــەکردنی مـڕۆڤاکان ناکات؟ ژیان بـە خـۆگـلـکردن دەـــوات؟ چـۆن هـەست بـە مـــەبوونی کـەسـێک بکـەین؟ مـــەی نایاب کـەیـە؟

خـەمـــەکـــردن واتـە چـــی؟ لـەکـــەڕان وایبـەدەچـــن، خـەمـــەکـــردن واتـە خـۆناســـــکردن لـە کـەســـــەکان، خـۆپـــەانـەوە لـە کـەشـە و دەزیـنـەوەی چارەسـەر، خـەشباوەیی و شـەرمـەزاریی. بـە جـەرەکی ساکارتر دەپرسیین: بـە کـە دەگـــوترێت مـــە؟ بـەوانـە دەگـــوترێت، کـە شـەرمـەزار، شـەرمـــن و ملـــۆن. بـەگومـان ئـەم ئاوەڵـنـاوانـە، لـە ئاکـامی کردەوەکانیـانـەوە

دروستبوون. لەوشەوە، لە کاتی گەشتیارییانەکانیاندا زۆر گوێ ایەڵ و نەرمونیانن و خاوەنی هەستێکی لەبوردەیی گەلانەشن.
مێ و مێرۆڤەکە دوو شتی جیاوازن. ئاسایی مێی ڕاستەقینە مرۆڤانەبوونیخەی بژیت، لەگەڵ مێینەکانیتر بە کەمی بژیت و متمانەشی بەخەی نەبێت. هیچ نەبێت لەبەرئەوەی عەقڵی نییە. بەڵام مرۆڤ لەبەرئەوەی عەقڵی هەیە ناشێت مرۆڤەیی خۆی پەسەندبکات. مرۆڤەکان، کە خۆیان وەک مێ نیشاندەدەن ئەوە لەکۆتای زۆر تووند بە دوای خۆیدا دێنێت لە کەمەگا. ئەوەشمان بیرنەچێت، کە شەرمەزاربوون و شەرمەندەیی دوو ئاوەناوی کەسی مرۆڤەکە.
بەمەچواندنی مرۆڤ بەرهەمی ئەو دیتنەیە، کە ئەو جۆرە مرۆڤانە بە ئاسانی قایلدەکرێن، مەیلیان زۆرە بە وەدووکەوتنی ئەوانیتر (قەڵەباغی) و بە بەدەنگبوونەکی ترسنۆکانەش. زۆرجاریش بە ڕاشکاوی بە کەسانەک دەڵێن: مێ، یان گوزارەی وەک "دەستت مێ بەوجۆرە قسەدەکات"، بەکاردەبین بە ئەوانەی گوێ ایەڵ و سەرکزن. قسەکردن و گفتوگۆی مێانە ناکاریگەر و ناهەژێنەر و شتێکی ئەوتۆشمان پێناوێت، کە شایانی تەماشان بێت.
سەربارئەوە، ڕاستە ئەمە دەتوانین ڕەفتاری مێانە لە مرۆڤدا، لە تاکەکانی کەمەگەدا، بدۆزینەوە، بەڵام بائەوەش بڵێین: ئەوانەی ئەمە ناویانەدەبین بە مێینەفتار، ئەوانە پێوانوایە ئەرێنی بیردەکەنەوە و شەرمن و نیتپاکن. ئەم جۆرە مرۆڤانە لە گشت کەمەگەیەک بوونیان هەیە، بەتایبەت لە کەمەگە و شارستانییە نەرێتییەکاندا.
هەندێک لە توێژەران وایبەدڵچن مرۆڤەکە ئەو مرۆڤەیە کە ئاکار باش و کەسێکی شەرمن و بەوەیە. ئەم جۆرە مرۆڤە ڕەحمکی دڵستانە و پەبۆزەیشی تیایە. مرۆڤ مێینەکان بەپێی ئەم شێوە توێژینەوانە شانازیی بە باشیی و ئەمەکداریی و شەرمنیی خۆیانەوە دەکەن.
سەرئەنجام ئەوەش دەڵێین: وەیام دەرسیڤیچ William Deresiewicz، پرۆفیسۆری زانکۆی Yale ی ئەمریکی لە کتێبەکەیدا بەناوی (Excellent Sheep مێی نایاب) ڕەخنەی پڕوردەی خراپی دەستبژێری ئەمریکی دەکات، کە بە ئاگان لە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانە و داهێنرانە و بەتواوەتیش ئامانجی خۆیان نەدۆزیوەتەوە. بەیە زانکۆ نموونەیەکانی ئەمریکا بەوە وێنادەکات، کە خاوەنی خوێندکاری مەشکدارن، بەڵام بە ڕەحن (مێن). لای ئەو پرۆفیسۆرە ئەمریکییە مێی نایاب ئەو خوێندکارە مەشک باشەیە، کە تەنها ئامانجی نمرەی بەرز و هیچیتر. بە ئەم پرۆفیسۆرە ئەوەی گرنگ ئەوەیە، کە خوێندکاری زانکۆ دەستبژێرەکانی ئەمریکا، کە کەسی دەستبژێر فرێدەدەنە کەمەگەی ئەمریکییەوە پەیوستە بتوانن ڕەگای

خەیان دروست بکەن و بوەریی هەوشتییان دامەزرێنن.
کەتا سەیرکردنمان بە خەمەکردن ئەوێیە، کە خەمەکردن گەلێیە؛ خەلادانە لە فەربوون و خەچاککردنەوە. ئەمە لەژیانی کەمەایەتییدا زۆر بەدیدەکرێت. گوتن یان دیدی مەانە وەک زەردەخەنەی مەانەوایە. سەیرکە لەوەدایە، کە کەسەکە بەباکانە شادە و کەچی تەگەیشتنی بە شادی خەی لەناو ئەو هەموو تراژیدیایانە نییە.
لە کەمەگەی ئەمەدا، مخابن، زۆرێک لەو مەمەرەقانە لە بەواری سیاسەتدا خەیان مەاسداوە. بەگشتی سیاسییەکان مرۆڤی مەئاسایان دەوێت. ئەوانەیان پەویستە، کە خەیان مەئاسا نیشاندەدەن، واتە خە لە ەاستیی رووداوەکان گەلدەکەن. لەبواری ژیانی خەزانیشا زۆرجار مەەێک بەوونی هەیە، جا ئەوە ژنەکە بەت یان پیاوەکە. هاوکات لەنەوان هاوەیانیشدا دیاردەی خەمەکردن بەوونی هەیە؛ زۆرێک لە هاوەەان حەزیان بە هاوەەی مەرەفتارە. کەواتە پەویستییەک یان ویست بە خەمەکردن لەناو پەیوەندیە کەمەایەتیەکاندا بەوونی خەی لەدەستنەداوە.

ئازاد حەمە
پرەفیسەر لە فەلسەفە لە زانکەی سلەمانی

کاداری بەحەسرەتی خەاتی نەبە سەریناوە!.. ئاکە عەبدوەا

دوای ئەوەی ساانێك بە خەاتی نەبەی ئەدەبی کاندید دەکرا و پەی نەگەیشت، ەەژی 1ی تەممووزی ئەم ساە، ئیسماعیل کاداری نووسەری ئەلبانی لەتیرانای پایتەخت کەچی دوایی کرد. ناوبراو تاکە نووسەری ئەلبانییە بەهەی رەمان و چیرێك و شیعر و شانۆگەری و نووسراوەکانی دیکەی، لەجیهاندا ناسراوە. لەبەر ئەوەی لەزەربەی بەرهەمکانیشی پشتی بەمەژوو و ئەفسانە و کەلەپووری گەلەکەی بەستووە، بەیە ئەدەبەکەی وەك ئاوێنە وایە بە رەنگدانەوەی گیانی گەلی ئەلبانی و مەژووە نوێیەکەی، بەهەموو رەهەندەکانییەوە. هەروەها رەنگدانەوەی بارگەانە سیاسییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی رابردووی وەاتەکەشیەتی. ئەوە جگە لەوەی بوپەی توانا هەوەی دەدا ئەدەبی

ئەو نەتەوەیە لەژێر هەژموونی ئەدەبی سڤیەتی رزگار بکات. لەلایەکی دیکەوە هەندێك لەشارەزایان بەکافکا و ئەرێیل بڕاوردی دەکەن. هەندێکیش خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو و گابرێیل گارسیا مارکیز دەبینن، چونکە هەردووکیان گرنگییان بەچەشەی سوریالی دەدا.
ئیسماعیل کاداری ڕۆژی 28 ی کانونی یەکەمی ساڵی 1936 لەشاری گیروکاسترای باشووری ئەلبانیا هاتە دنیا. باوکی نامەبەری دادگە بوو، زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی بیروباوەڕی کۆمونیستی دەبووە. کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهانی بڕپابوو و ئەلبانیا بووە گۆڕەپانی هێزە داگیرکەرەکانی ئیتاڵی و ئەڵمانی، دانیشتوانەکەی ئازار و ناخۆشی زۆریان چێژت، بەیەکاداری سەردەمی منداڵی بەتاڵی و ناخۆشی بەسەربرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی، چووە کۆلێژی ئادابی زانکۆی تیرانای و تێیدا فەلسەفە و مێژووی خوێند. ساڵی 1954 کە شیعری (ئیلهامەکانی کوێستان Frymëzime djaloshare) وساڵی 1957 دیوانەکانی (خەونەکان Ëndërrimet) و (شازادە ئارگیجیرێ Princesha Argjiro) ی بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر مینحەی خوێندنی پێدرا و لەپەیمانگەی مەکسیم گۆرگی شاری مۆسکۆ، ئادابی خوێند. لەوێدا ئاشنای ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی بوو. ساڵی 1960 کاتێك پەیوەندی لەنێوان هەردوو وڵاتەکەی کۆمونیستییەکەی ئەلبانیا و سۆڤیەت بەرەو گرژی چوو، کاداری بەناچاری گەڕاوە وڵات.
ئەو ماوەیەی لەمۆسکۆ بوو ڕۆمانێکی بەناوی (شاری بێ ریکلامەکان) نووسی. دوای گەڕانەوەی بێ وڵات نزیکەی چل لاپەڕەی لەگۆڤارێکی ئەدەبی بڵاوکردەوە، بەناوی دەزگای چاودێری رازی نەبوو بڵاوکردنەوەکەی بکەتا بگات. ساڵی 1963 ڕۆمانی (جەنەڕاڵی سوپای مردوو Gjenerali i ushtrisë së vdekur) ی بڵاوکردەوە. تێیدا گیانی ئەلبانی کردووە بەئیلهام و ئاشنای چیرۆکی جەنەڕاڵێکی ئیتاڵیمان دەکات کە دوای وەستانی سی ساڵ بەسەر جەنگی دووەم، لەحکومەتەکەی خۆیدا فەرمانی پێکراوە لەگەڵ قەشەیەك بچێتە ئەلبانیا و بەدوای گۆڕی ئەو سوپا ئیتاڵیانەدا بگەڕێت کە لەشەڕگەکانی ئەو شوێنە کوژرا بوون. هەرچەندە جەنەڕاڵەکە بەوای بەو کارەی نەبوو، بەناچار بوو بەوات. لەوێدا ناخۆشی زۆر دەبینێ. سەرەتا وەهای بۆخۆیدا دێت سوپایەکی زۆری هەیە، بەڵام لەژێر خاکدان و چەندان تەن لەفوسفۆر و کالیسیۆمیان پێکهێناوە. دواتر دەبینێ جەنەڕاڵیکی ئەڵمانیش بە هەمان مەبەست هاتۆتە ناوچەکە. لەکۆتایدا لەتەپەی خوێنی کۆمە کوژراوەکەی، جەنەڕاڵە ئیتاڵیەکە بەدەست پیرەمێردێکی ئەلبانی دەکوژرێت.
ئەو ڕۆمانە دەرگای ناوبانگی بە کاداری خستە سەرپشت و بە هەموو لایەکیشی ڕەخساند چاو بەوێنەی ئەلبانیا و پاوانیەتی

دانیشتوانەکەی و داب و نەریتە جوانەکانیاندا بخشنن. لایەنێکی دیکەی سەرکەوتنی گۆرکەی ئەو بەرهەمە لەوڕایی کاداری لەداڕێژتنیدا بەستایلی هونەری نووسینی ڕۆمان و شێوەنەوە بە ناو ژیانی واقیعیانەی گەلەکەی، زۆر پابەند بووە. دوای وەرگێڕانیشی بە سەر زمانی فەرەنسی، ناوەندە ڕەشنبیریەکانی ئەو وڵاتە، بانگهێشتی کادارییان کرد. لەفەرەنسا لەلایەن نووسەران و ڕەشنبیران پێشوازی گەرمی لێکرا و بەدەنگێکی ڕەسەن و بەهێزی پشت دیوارێ ئاسنینەکانیان دانا. تا ئێستا ناوەڕۆکی ئەو ڕۆمانە دوو جار کراوە بەفیلمی سینەمایی.
ساڵی دواتر دیوانی (بەچی بیر لەو شاخانە بکەینەوە Përse mendohen këto male) و ساڵی 1965 ڕۆمانی (دەندەڵ Përbindëshi) ی بڵاوکردەوە. لەو ڕۆمانەیدا ئەسپی تەروادەی کردەتە هەوێن و هەوێیداوە ڕووداوێکی ئەفسانەیی بگێڕێ بە حاڵی ئێوسای وڵاتەکەی، پاش ئێوەی حکومەت هەوێیدا لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی سۆفیێتی بێتە دەر. ساڵی 1967 ڕۆمانی (پەستی تەپڵ Lëkura e daulles) ی بڵاوکردەوە. ئەوەشیان بەرجەستەکەری ئەو قۆناغەیە کە ئەلبانیا لەساتی گەڕان بەخەیەوە بینی. ئەوە جگە لەواقیعی ژن لەچوارچیوەی دەربەگایەتی و کۆنەپارستی ئێوسای کەمگەکەیدا. هاوکات لەو بەرهەمەدا بە ئێوەی عەزیمەت لەدڕووونی ئەلبانیەکان نیشان بدات، کەلەپووری ئەفسانەیی ئەلبانی بکارهێناوە. ساڵی دواتر هەمان ڕۆمانی بەناوی (هاوسەرگیری Dasma) خستەوە بەر دیدە. ساڵی 1970 ڕۆمانی (قەڵا Kështjella) ی بڵاوکردەوە. لەوەشیاندا چیەکەکی میللی ئەلبانی کردەتە هەوێن کە ناوەڕۆکەکەی پەداگرتنە لەسەر قوربانیدان بە مانەوە. تێیدا گەڕاوەتەوە سەدەی پانزدە و چیرەکەکی مۆڕوویی خستەتە بەردیدە. کاتێك سوپا بەهێزەکەی عوسمانی هێرشکوتەتە سەر قەڵایەکی کۆنی ئەلبانیا، گەلەکەی ناوی ملکەچ ناکێن و بەرگری دەکێن. ئێوسا بەو کارەی کاداری داوای لێگەلەکەی کرد، بە گەیشتن بەڕۆژی گەش پێویستە قوربانی بدەن. هەر بۆیە کاتی خەی لێکدانەوەی زۆر بە ئەو بەرهەمە کرا. تێنانەت هەندێك بەبەرجەستەکەری ئەو ململانێیە ئایدیالۆژییەیان دادنا کە لەنێوان ئەلبانیا و ڕژێمی سۆفیێتیدا هەبوو. هەر لەو ساڵەدا کاداری بووە ئەندامی پەرلەمانی وڵات و ماوەی دوانزدە ساڵ لەو شوێنە ماوە. بەوەش دەرگاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتی بەڕووودا کراوە. ئەمەو بەهەی پێوەندیشی لەگەڵ (ئێنوەر خواجە) ی سەرۆك، ناوبراو کردی بەسەرۆکی پەیمانگەی ڕەشنبیری. ساڵی دواتر ڕۆمانی (چیرەکی شاری بەرد Kronikë në gur) ی بڵاوکردەوە. تێیدا بەرەنگاری هێزە ئەلبانییەکانی لەکاتی داگیرکاری لەجەنگی دووەمی جیهانی

خستەتەوو، بەتایبەتی شارکەی خەی کە چەن رووبەووی سوپای داگیرکەری ئیتالی و ئەمانی وەستان. هەروەها تەیدا ستایشی رەی ئەنوەر خواجەی کردووە لەپشەویکردنی دەستە بەرگریکارە کەمونیستییەکان دژی داگیرکەری ئیتالی لەئەلبانیادا. سالی 1972 رەمانی (زستانی سەخت Dimiri i madhe) ی بەاوکردەوە. کە بەەمانەکی سیاسییانە دادنرەت، لەجەری ریالیزمی سەشیالیستییە. تەیدا وەنەی بارودەخی زستانی سالی 1961 ی کەشاوە کە سالی پەوەندیبەینی وەاتەکەی لەگەڵ یەکەتی سەڤیەتی و چووەنە پاە سەربازگەی چینی ماوی بوو. ئەو پەوەندیبەینەش بەخالی گەمارە خنکەنەرەکەی وەاتەکەی دادنرەت کە هەموو لایەکی ژیانی ئەلبانیای تەکدا. دوای ئەوەی پەشتر یەکەتی سەڤیەت وەك دەروازەی ئەو وەاتە وابوو بەرەو رووی جیهان..

سالی 1975 رەمانی (پایزی پایتەخت Nëntori i një kryeqyteti) ی بەاوکردەوە. لەوەشدا هەوەدان بە رزگارکردنی شاری تیرانا لەژەر دەسەاتی داگیرکەری ئیتالی لەکاتی شاەوکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەبینرە. سالی دواتر دیوانی (کات Koha) و سالی 1977 کە چیرەکی (ئاەای رابرووەmblema e dikurshme) و سالی دواتریش رەمانی (Muzgu i perëndive të stepës) ی بەاوکردەوە. لەو رەمانەشدا لەەگەی گەرانەوەی چیرەکی خەشەویستی نەوان کوەکی ئەلبانی و کچەکی رووسی، یادگارییەکانی پەشوی خەی لەشاری مەسکە، خستەتە بەر دیدە. لەناو ئەو پەوەندییەش وەنەی جوانی مرەقایەتی و کەمەایەتی کەشاوە، بەجەرەك کە چەندان رەهەندی ئەو دوو لایەنەی هەگرتووە. دوای ئەو کارە جارەکی دیکە بە مەژوو گەاوە و بەهەموو ئەو شتانەی هەگوت کە ئەلبانییەکان وەك کەلەپور پەشکەشیان کردووە. ئەوەش لەەمانی (Komisioni i festës) دەبینرە کە هەر لەو ساەدا بەاویکردەوە. تەیدا لەهەمان تەوەری رەخنەگرتن لەدەوەتی عوسمانی و سیاسەتە داگیرکارییە خوەناوییەکەی، لەەژهەاتی ئەوروپا سوە دەخواتەوە. هەوداوەکی مەژووی خستەتەوو کە لەمەژووی ئەلبانیادا ناسراوە، ئەویش بانگهەشتەکەی سوەتان مەحمودی دووەمە لەو کاتەی ویستی نەیارەکانی لەناوبەرەت کە ئاهەنگەکی گەورەی ساز کرد و دوای کەکردنەوەیان پەنج سەد کەس لەو میوانانەی لەناوبرد کە گوایە هەوەی جیابوونەوە و دژایەتیکردنی دەسەاتی عوسمانییان دەدا.

هەر لەسالی 1978 رەمانی (پردی سە کەوانەیی Ura me tri harqe) بەاوکردەوە. ناوەرەکی ئەو رەمانەشی لەچیرەکەکی فەلکلەری گەلەکەی

وەرگرتووە کە دەڵێت (لەکاتی داڕێژتنی بناغەی پردێك، بە ئاوەی تەکمە و بەتین بێت و بەنەمری و تاهەتایی بمێنێتەوە، پێویستە قوربانی بەسەری مرۆڤێك یاخود گیانلەبەرێك بکرێت). ئاوەش ئاماژەیەکی دیکەیە بە واتای سیاسی ئەو رۆژگارە. واتا داوای لەگەلەکەی کردووە بە بونیادنانی داهاتووی گەش، قوربانی بدەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو رەمانە بەوەامدانەوەی رەمانی (پردی سەر رووباری دریناس) ی ئیفو ئاندریتشی رەماننووسی سربی دادەنرێت. هەر لەو ساڵانە رەمانکانی (جگەی شەرمەزاری Kamarja e turpit) و (نیسانی تەکشکاو Prilli i thyer) و (پاشالیکی مەزن Pashalleqet emadha) ی بەاوکردەوە. لەوەی دوایدا تیشکی خستەتە سەر کەسایەتی پادشایەکی تورکی کە دەیەوێت بەپشتیوانی رۆژئاوا، لەدەسەاتی عوسمانی جیابێتەوە، بەڵام دەوەتی عوسمانی پلان لەدژی دەگەڵ و دواتر سەری لەجەستەی جیادەکاتەوە.

ساڵی 1980 کە چیرۆکی (Gjakftohtësia) ی بەاوکردەوە. هاوکات لەگەانەوەی بە هەما و ئەفسانە ئەلبانییەکان، رەمانکی دیکەی بەپێزی بەناوی (کە دەرونتینی هەناوە؟ Kush e solli Doruntinën?) بەاوکردەوە. لەو کارەشیدا پشتی بەئەفسانەیەکی دیکەی میللی بەستووە کە تێیدا برایەك لەمردن زیندوو دەبێتەوە تا بەرگری لەخوشکە ەفەندراوەکەی بکات. لەردا زیندووبوونەوەی برا، زیندووبوونەوەی گەلی ئەلبانییە کە ئەوسا وەك مردوو ملکەچی چارەنووس ببوو. ساڵی دواتر رەمانی (کشکی خەونەکان pallati I éndrrave) ی بەاوکردەوە. تێیدا جارکی دیکە بگەانەوە بە سەردەمی دەسەاتی عوسمانییەکان، بابەتە گرنگەکەی پرسی تەتالیتاری و رەخنەگرتن لەژەمی ستەمکاری خستەتەوە بەردیدە. بەیە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی وڵات رەخنەی لێگیرا. ساڵی 1985 رەمانکانی (رووناکی مانگ Nata me hënë) و (ساڵی خراپە Viti i mbrapshtë) و (Krushqit janë të ngrirë) ی بەاوکردەوە. هاوکات ئەنوەر خواجە دیکتاتەر و ستەمکار مرد کە ناوبراو بەهەموو جۆرێك هەوڵی دەدا لەو وڵاتە بچووکەدا رژەمی تەتالیتاری پیادە بکات. بە رازی کردنی رژەمی سۆڤیەتیش دژی کرانەوە و مامەکردن لەگەڵ رۆژئاوا بوو. ساڵی 1988 کاداری رەمانی (کۆنسێرت لەکەتایی زستاندا Koncert në fund të dimrit) ی بەاوکردەوە. لەو بەرهەمەدا هاوشێوەی رەمانی زستانە مەزنەکە، ئاماژە بەپەوەندی بەینی دەسەاتی فەرمانەوای وڵاتەکەی داوە. بەڵام ئەو جارە پەوەندی بەینەکە لەگەڵ رژەمی چینی دوای مردنی ماوتسی تۆنگ. ساڵی دواتر رەمانی (دەسیەی ئەج Dosja H.) ی بەاوکردەوە، کە تێیدا هەست بەو ململانێیە بەدەنگیەوە دەکرێت

کە دوای خواجە لەسەر دەسەلاتی وڵات سەریهەڵدا. هەروەها ڕەخنەشی لەماوەی دەسەلاتی ئەحمەد زوگۆش گرتووە.
گومان لەوەدا نییە کاداری یەکەك بوو لەکەسە دیارەکانی ڕژێمی کۆمونیستی پێشووی ئەلبانیا و لەسایەی ئەو ڕژێمەش لەهەموو نووسەرێکی دیکەی ئەو وڵاتە زیاتر سوودمەند بوو. بەڵام ساڵی 1990 بەر لەووخانی ڕژێمی دەسەلاتداری وڵاتەکەی و ڕووخانی گۆڕەی ڕژێمە کۆمونیستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، کاتێك بەی ڕەخسا، وەاتەکەی جەهێشت و چووە پاریس. لەوێدا داوای مافی پەنابەری کرد و پاکانەی خێشی لەئایدیای کۆمونیستی و ڕژێمی تۆتالیتاری ڕاگەیاند. وەك دەنگێکی جیهانیش دژی ستەمکانی پێشوی ناو وڵاتەکەی دەنگی هەبەی. لەو وڵاتە ڕۆگەزنامەی پێدرا و ساڵی دواتریش ڕمانی (Qorrfermani) و کۆچیرکی (خەونی فریودەر Ëndërr mashtruese) و ساڵی 1992 ڕمانی (هەرەم Piramida) ی بڵاوکردەوە. لەو ڕمانەی دوایی پەوەندی بەینی خەی لەگەڵ حزبی کۆمونیستی دەسەلاتداری وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە. هەروەها تێیدا رازی نەبوونی کیوبسی فیرعەونی میسری بەناشتنی لەهەمدا، هاوشوەی فیرعەونکانی پێشوو، وەك هەما بکارهێناوە بۆ ئەنوەر خواجە، کە ناوبراو بۆپچوانەوە ئاواتەخواز بوو لەناو جەرگەی تیرانای پایتەخت لەهەمەك بنژرێت. بەهەی ئەو ڕمانە دەنگی گواستنەوەی گەی خواجە بۆ سەنتەری میوزیکی ڕۆژئاوایی بەرزبەوە. ئەو سەنتەرەی کە خواجە هەرگیز حەزی لەگوێگرتن لەو جۆرە میوزیکە نەبوو. کەواتە ناوەرکی ئەو ڕمانە پچوانەی ڕمانی زستانی سەختە کە لەوێدا خواجە وەك پاڵەوان دەرکەوتووە.

ساڵی 1994 ڕمانی (سەبەر Hija) ی بڵاوکردەوە، کە لەڕۆژانی دەسەلاتی خواجە بەنهێنی نوسیبووی. تێیدا لەنوان دەخی ئەلبانیا لەسەردەمی خواجە و سەردەمی چاخکانی ناوەند بەراورد کردووە. هەوێشیداوە لەناو پاڵەوانی ئەو کارێیدا کە بەرجەستەکەری خێیەتی، بتەواوی پاکانەی خەی لەڕژێمی پێشوی وڵاتەکەی نیشان بدات. ساڵی دواتر ڕمانی (Shkaba) و ساڵی 1996 ڕمانی (سپیریتوس Spiritus) ی بڵاوکردەوە. هاوکات دوای مردنی کارل پۆپەری فەیلەسوفی نەمسایی و بەریتانی، لەشوێنی ئەو لەئەکادیمیای فەرەنسی بۆ زانستی سیاسی و ئەخلاقی، کرا بەئەندامی تاهەتایی.
ساڵی 1998 ڕمانی (شارکی بۆ ریکلام Qyteti pa reklama) ی بڵاوکردەوە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. لەو ڕمانەیدا کاداری وەك گەنجکی ئاواتخواز و هەچوو بۆ گەانکاری شگەانە، هەستی خەی دەربەیوە. پاەوانەکانی ناوی بەو هیوایەی دەسەلاتداران شەرمەزار

بکەن، هەوڵی وەرانکردنی ئایکۆنەکانی ناو کۆسەکان و دڵاندنی کتێبی پیرۆز دەدەن. هەر لەو ساڵە کە چیرۆکی (سێ گۆرانی ماتەمینی بۆ کۆسۆڤۆ Tri këngë zie për Kosovën) و شانۆگەری (وەرزی بزارکەر لەئێلەمپ Stinë e mërzitshme në Olimp) و ساڵی دواتریش کە چیرۆکی (دزینی خەوی شاهانە Vjedhja e gjumit mbretëror) و ساڵی 2000 ڕەمانۆکانی (گوڵە سارەکانی ئازار Lulet e ftohta të marsit) و (نەوەکانی هانکۆناتەکان Breznitë e Hankonatëve) و ساڵی دواتر کە چیرۆکی (لەبەردەم ئاوێنەی ژنێك Përballë pasqyrës së një gruaje) و ساڵی 2003 ڕەمانۆکانی (کچی ئاگامێنۆن Vajza e Agamemnonit) و (ژیان یاری و مردنی لول مەزرەك Jeta,loja dhe vdekja Lul Mazrekut) و (نەوە Pasardhësi) ی بڵاوکردەوە. لەوەی دوایدا باسی لەووداوی خۆکوشتن یان تیرۆرکردنی محەمەد شیخێی پیاوی دووەمی ئۆوسای وڵاتەکەی کردووە کە لەخانووە نوێیەکەیدا رووبدا. بۆگۆڕەی ئۆفسانە ئەلبانییەکانیش ئەو خانووە شوێنی تارمایی و گیانی مردووەکانە. ساڵی دواتر دیوانە شیعری (هێندێك دڵۆپی باران کەوتنە سەر شووشە Ca pika shiu ranë mbi qelq) و ساڵی 2005 ڕەمانی (بابەتی گەمژەیی Çështje të marrëzisë) و دیوانی (ئاسمان بێ فۆرم Pa formë është qielli) و ساڵی 2008 ڕەمانی (ئۆوارەخوانێکی هەڵە Darka e Gabuar) و ساڵی دواتریش ڕەمانی (بەربەست: ڕەکویم بۆ لیندا بی E penguara: Rekuiem për Linda B) ی بڵاوکردەوە. لەوەی دوایدا کە ڕووداوەکانی لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە لەشاری تیرانا، باسی لەبارودۆخی وڵاتەکەی لەژێر سایەی ڕژێمی تۆتالیتاری کردووە. ساڵی 2010 ڕەمانی (ڕووداو Aksidenti) و ساڵی 2013 کە چیرۆکی (Bisedë për brilantet në pasditen e dhjetorit) و ساڵی دواتریش ڕەمانی (هەورەکانی تیرانا Mjegullat e Tiranës) ی بڵاوکردەوە. کە ئەوەی دوایی لەنێوان 1957 و 1958 نووسیبووی. ساڵی 2015 ڕەمانی (بوکێلە Kukulla) و کتێبی (Uragani i ndërprerë) و کە چیرۆکی (کاتی خۆشەویستی Koha e dashurisë) و ساڵی 2017 کتێبی (سێ وتار لەبارەی ئەدەبی جیهانی Tri sprova mbi letërsinë botërore) و ساڵی دواتر کە چیرۆکی (کورتە نووسراو لەیەك بەرگدا Proza e shkurtër, në një vëllim) و کتێبەکانی (سێ وتار لەسەر ئەدەبی جیهانی Tri sprova mbi letërsinë botërore) و (کاتێك فەرمانەکان شەڕ دەکەن Kur sunduesit grinden) و (بەرهەمە شیعرییەکان لەیەک بەرگدا Vepra poetike në një vëllim) بڵاوکردەوە.

جگە لەو بەرهەمانەی ئاماژەمان پێدا، کاداری کتێبی دیکەشی بڵاوکردۆتەوە. لەزۆربەی بەرهەمەکانیشی ئەفسانەی بەدزە

هەستیارەکان ئاوێتە کردووە. ئەمەو لەهەندێکیشیان هەرشی کردۆتە سەر کەلەپور و شارستانی ئیسلامی. راشکاوانەش ئاماژەی بەوە دەدا ئیسلام بەربەستە لەبەردەم گەلی ئەلبانی بۆ گەیشتن بەشارستانی ئەوروپی. بەو کارەشی وەهای دەزانی لەبەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ، ئەو خەڵاتەی کە هەردەم خەونی پێوە دەبینی، نزیك دەبێتەوە. نۆبڵی پێنەدرا بەڵام چەندان خەڵاتی مەزنی جیهانی بەدەستهێناوە، لەوانە ساڵی 1992 خەڵاتی موندیل سینێ دیل دوکا و ساڵی 2005 خەڵاتی مان بوکەری و ساڵی 2009 خەڵاتی میر ئەستوریاس و ساڵی 2015 خەلاتی قودسی ئەدەبی و مەدالیای جوقێی شەرەف و ساڵی 2016 خەڵاتی نیشتمانی ئەلبانی و ساڵی 2018 خەڵاتی نانینێی نیودەوڵەتی و ساڵی 2020 خەڵاتی نیوستادی نیودەوڵەتی پێبەخشرا. ئەوانە و چەندانی دیکەش.

یەکێی ژانـــر و بۆهـــای دۆق.. سەردار ڕەزا جاف

خودی دۆق ئەو نووسینە هەمەجۆرییە لە یەکە لە کایەکانی ئەدەبی و هونەری و زانستی و ئابووری و ڕامیاری و سەربازی ....تاد، بەر چاو دەکەون و ژانرێکی گرنگدراوە بە ئاراستەیەکی دیاری کراو و یەکێی ژانری تەدا مەیسەر بووە و لە کرێکی باسکێی لای نەداوە، ئەمە لەرەدا باس لە دۆقی ئەدەبی دەکەین و ئەم لایەنەمان زێتر لا گرینگ و مەبەستدارە بە تایبەت هەردوو بواری شیعر و ڕۆمان، لە ڕۆژگاری ئێستاماندا بە هەی دونیای بەسانسەر و بەربەاو و بەرەەای سەشیال میدیا، هەر بابەیە و دادەیە بووە بە نوسەری عەیارە ٢٤ و پەی وایە ئیدی کەس بە کەس نییە و ئەو پانتاییەی بە دەچێتە سەر، هەموو نووسین ژانرێک خودان یەکەیەکی تایبەت بە خۆیە و گرێکە نووسەر سەرتا خەی لە قاڵب بدات، ئەو بەناو ئازادییە بەرەایییە شیاو و لە بار نین بە دونیای ئەدەب و بە هیچ کەجێک ناخزێتە خانەی دۆقی ئەدەبی ەچکە تەواو، ئەویش من و کەسانی دیکە نین بەیاری لە سەر بدەین، وەلە کەمەە میتەد و بەهای پیرەزی ئەدەبییە ەی پە نادات بە پەی خاوسی تەی بکەوە و مەیلی چەن ەی پەبدا بە ئارەزووی خەی

مەلەی تەدا بکات، لەم سەنگەوە گرنگمانە بۆرچاو خوونیەک بخەینە بەر دەستی ئەو کەسکە نووسەرانە تا تە بگەن کەمەبەستی بنەمای زانستی هەن و گرنگە نووسەر، جا شاعیر بێت یان هەمانووس پێیەوە پابەند بێت، لێرەدا دەماندوێت بڵێین دەقی ئەدەبی لە هەر دەقێکی زانستی ئەوانی دی لەسەرەوە باسمان لێوە کرد جیاوازە، لە نووسینی کایەکانی دی جگە لە ئەدەبی بە تایبەتی زانستی پێویستە پشت بە بەڵگە و زانیاری پەاوپێی ژانرەکەی بەر دەست بێت، کەچی لە بواری ئەدەبیدا زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکان لە خەیاڵی ئەدیبەوە چەکەرە دەکات، جا بۆیە ئەو خەیاڵە ناچار دەکرێت پێویستە بە بنەماکانی نووسین بێت، تەنها سەرەتای نووسینی ئەدەبی هەوانبڕی و ئەستاتیکا دوو بنەمای هەرە سەرەکین بە هەر دەقێکی ئەدەبی، ئەمە هەوە دەدەین لەرەدا هەم ئەم لایەنە شرۆڤە بکەین هەمیش یەکەی ژانرلە ناو شیعری هاوچەرخ و هەمان، کە هەمان بە دید و تەوانینمان لە هەڵگاری ئەمەماندا پانتاییەکی فرەی گرتووە و خوێنەری باشی هەیە.

چەمکی دەق :

یەکەم :

زمان لە دەقی ئەدەبی : دەق گرینگی بەهای تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە نووسەر پێویستی بە چییە بە هاوەربوونی دەقێکی ئەدەبی لە هزرێکی جەنجاڵی خەیاڵاوییەوە کە دەبەین جەنجاڵ هەم شیعر و هەمیش هەمان لە نەو هەزری نووسەرەکەدا ژاوەژاو و ئاسەکاوییەک دەخولقێنێت مەگەر هەر خودی نووسەرەکە بە خۆی سەری لە دەربکات، تاوەکوو دەقێکی جوان و پڕ چەمکی بەهادار دەخاتە بەر دیدی خوێنەر، نووسەر گرنگە توانای بە سەر زمانەکەدا بشکێت نەبا لە هەوەستەکدا نەزانێ چۆن بنووسێت و چۆن بدوێ کەواتە هەوانبەژی دەرگای جوانی نووسین واڵا تر دەکات.

ئاخ دەق هەر لە خەڵایی و بە گەترە لە دایک دەبێ، بەگومان نەخێر، بەر لە هەموو بنەما و پرنسیپەکانی نووسین، نووسەر زۆر گرینگە خاوەن پاشخانێکی ئەپستمەلۆژی بێت، بە بە بوونی مەعریفەیەکی پڕ, ئاستەنگە بتوانێت خۆ لە قەرەی کارێک بدات پێی بوترێت دەق، بە نمونە مۆژووی ئەدەب یەکێکە لەو بنەمایانەی نووسەر یان ئەو کەسەی دەنووسێت شتێک لە بارەیەوە بزانێت، ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بە خودی نووسەرەکە، بەر لە گەڵانەوە بە نووسینی دەق پێویستە شتە لە بارەی ئەدەب بخوێنەووە، کەواتە لەرەوە نووسینی دەق پێمان دەڵێ بەر لەوەی من بنووسیت بخوێنەوە، خوێندنەوەیش بە کاری ئەدەبی ناکرێ خوێندنەوەی سەرپێی بێت، وەلە خوێندنەوەیەکی قووڵ تا ڕادەی خوێندنەوەی تەدا تەو بکرێت بە جۆرێک کە سبەی دارێکی بەرهەمدار

بەت و لە بڕیدا بۆ ئامانجێ بگات کە مەبەستێتی لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا، لایەنێکی دیکە لە خوێندنەوە بڕ لە نووسین هەوە بدە شیعر یان چیرۆک یا خود هەمان بۆ ئەدایە بخوێنەوە کە چڕ بە بیسڕ دەدات، ئەوەم خولیایەکت لا دروست دەبەت بڕۆ شەبوونەوەی قووە بڕۆ خوێندنەوەی زیاتر تا بتوانی بکەویتە نووسین، لە هەر لایەکەوە پەنجە بڕۆ دەق ببینی پەمان دەبڕێ دەق بریتییە لە : کەمێک ستەیەکی گرەدراوە بە شەوە زمانێکی ەاست و دروست نووسرابەت و بە پێی ئەو پێیوەندییە دیاریکراوە، ((کە پێیوەندی لە نەوان دوو ستە یان زیاتر هەبەت، لە نووسینی دەقی ئەدەبی پشت بە ئەبستەلەژی دەبەستەت))" ١ " هەروەک گوتمان مەعریفە بنەمای سڕکییە، کەواتە خوێندنەوەی پشوخت و ئاشنا بوون بە کەسەکە سڕکییەکانی ئەدەب وا لەو نووسڕە دەکات کاری جوان و بەهادار بخاتە بڕ دەستی خوێنڕ، ئەمەیش لە ڕێی شەونخونییەوە بڕهەم دەت.

هەبەتە کاری نووسینی ئەمە لە سڕ دەق نییە بە بارتەقای ئەوەی دەمانهەوەت یەکەی ژانر " الوحدة الموضوعية " لە دەقدا باس بکەین، پەنجە درێژکردن بە خودی دەق دەبە کاری لە پێشینە بەت، کە خودی دەق بنەماکانی بە تەنها یەکەی ژانر نییە لە کەمەسەک بنەما هەن پەویستە نووسڕ لە بڕچاویان بگرەت، ئەوەی لەڕدا باسی لەو دەکەین دەپەک لەو دەریا پان و بڕینەیە و دواتر دەینە سڕ خودی جەوهەری باسەکەمان، زمان لایەنێکی دیکەی تایبەتمەندی نووسینە، ناکرێ دەقی شیعری و سڕهات و ڕووداوەکانی هەمان بە یەک زمان بنووسرەت دەکرێ زمانێکی پەخشان ئامێزی بە باڵای ڕەماندا بدووڕین، زمان ئەستاتیکا بە دەق دەدات، ئەگەڕ بە هەمان ئەو زمانی ئاخاوتنە دەقێکی شیعری بنووسرەت یان هەمان تەنها گەڕانەوەی سەهات و ڕووداو بن، ئەوا هەڕ کەسێک دەتوانێ بڕبەتە وەزڕی ئەدەب هەروەک ئەمە لە سەشیال میدیاکاندا دەبینین چ سڕگەڕدانییەک ەووی لە ئەدەبی کوردی کردووە، ئەم حاەەتە تەنها نەتەوەی کوردی نەگرتەتەوە بەکوو نەتەوەکانی دیکەیش دووچاری ئەم گرفتە بوون هەڕ یەکەیش لای خۆیەوە بڕەو پاککردنەوەی دونیای ئەدەب هەنگاوی هاویشتووە، ئەدەب بە خۆی زمانێ ئەمەیش بەین زمانێکە تێکبشکێنین جا چی دەمێنەتەوە بە ئەدەب، زمان ئەو هەکارە هەڕە گرینگ و سڕکییە کە هەڕ یەکێک لە ئەمە بە گەیاندنی مەبەست و ئارەزووەکانی دڕی دەبەت، ئایەەی پاکی نەوان تاک بە تاکی مرۆڤکانێ، هەر لە ەەگای زمانەوە دەتوانین کەمەە کایەی گرینگ لە ژیانی هەڕ یەکەکمان پاشان نەتەوەکمان هەم بە یەکدی هەمیش بە گەلانی دیکە بناسێنین، لە ەەگای نووسینەکانمان کە ئەویش زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە و

جوانی دەربینەکانمان وا دەکات ئاسوودەیی یاخود چێژ بە بەرامبەر بگەیەنێت، هەروەک گوتمان باسمان لای ئەدەب، کەواتە ئەدەب یەکێکە لەو هەڵکارانەی کە زۆر سەرکین بە ناساندنی هەم خۆمان وەک تاک هەم گەلەکەمان وەک نەتەوە، کەواتە ئەدەب ئەو پانتاییە جوانیەیە کە خۆمان بە خۆش دەکات زیاتر پێل بهاوێژین، ((ئەدەب بە بێ زمان بوونی نییە، زمان ئاسەواری خەڵکی لە ناسنامەدا جێدەهێڵێت، چونکە بێ بوونی مرۆڤ و ئینتیماکەیەوە شێوە دەبەستێت، جا لە بەر ئەوە دەگوترێت ئەدەب ئاوێنەی گەلانە کە خەڵکی تێدا دەبینێتەوە، لە ڕێگایەوە ناسنامە و بوونی خەڵکی تێدا دەردەبڕێت)) " ٢ " کەواتە با ئەو ئاوێنەیە تێخ نەکەین و زمانی جوانی ئەدەبی و ڕەوان و پاراوی کوردی لە دەقە ئەدەبییەکانمان بوونی هەبێت.
زمان بە پێی سەردەم گۆڕانی بە سەردا هاتووە و هەشتان ئەمەی کورد زۆتر پێویستیمان بە پێشخستنی زمانێ نەخاسمە زمانی ئەدەبی، زمانی ئەدەبی هەندەی کاری خودی ئەدیبە هەندە کاری زمانناسەکان نییە، چونکە هەروا هاتووە زمانناسەکان لە ڕووی زانستی ئەکادیمییەوە پتر بە زمان دەدەن کەچی لە بەرامبەردا بە تایبەت شاعیر هەوە دەدات زمانی دادەی تاک ئەو زمانە بێت کە لە شیعرەکاندا بوونی هەیە، کەواتە ئەرکی ئەدیب بە تایبەت شاعیر زۆر قورسە و ئەمانەتیشە، ((پێویستی ئەدەب پێویستییەکی بەرگەداریە بە زمانەوە، بەرهەمی ڕاستەقینەی زمان ڕەشنگیری بڵاگ بەم زمانە پارێزراوە لە چوارچێوەی فەرمی ئەدەب و دەرکەوتەکانی، کە هەمەچەشن دەبێت بە جیاوازی دەڤەر و سەردەم و کاتەکان، لەڕەدا زۆر گوتەی ناودار لە بارەی ئەدەبەوە هەیە لەوانەی ئەوەی ، ولیەم هازلت* دەیەە " ئەدەبی هەر نەتەوەیەک ڕەنگدانەوەی وێنای ڕاستەقینەیەتی")) " ٣ " کەواتە بایەخدان بە ئەدەب کە زمان بنەمای سەرەکی ئەدەبە ڕەنگدانەوەی وێنای خودی نەتەوەکەیە و، ئەگەر کورد و نەتەوەی کوردمان بە دەکارانە خەشدەوە بە بە ئاشنابوونمان لە زمان و ئەدەب پێنای بە نەبین، تەنانەت ڕەنووسیش کاریگەری تەواوی خەی لە سەر زمانی نووسین هەیە..
پێمان وایە هەشتان نەمانتوانیوە و هەرگیزیش ناتوانین مافی تەواو بە بەهای زمان لە دەقی ئەدەبی بدەین، وەک دەقی هاوچەرخ و تازەگەری کەمەک بنەمای سەرەکی هەیە، ئەوەی زۆر گرینگە زمان پێمان باشە شتەک لەم لایەنەوە باس بکەین بەر لە غلەربوونەومان بە نەو یەکەی ژانر لە دەقی ئەدەبی تازەدا، هەروەک وتمان زمان کەمەکەیەتی، لە تەک ئەوەیش ((تەکشکاندنی کەش و سەروا، هەمەجۆرکردنی شێواز و ژانرە جۆربەجۆرەکان، دەربەین ناخی خود کە لە واقیعەوە هەڵقوڵا بێت، تەوانین بە ئایندەی بوون و ژیان، تا

چەند کاریگەرێ بە هێوتە فیکری و هونەریيەکان، جەخت بکاتەوە لە سەر ئەزمونی شیعری خۆی و دەوروبەری، مەیلی هەبەت تازەگەری لە فەرم و ناوەرۆک بخولقێنێت.. چەند لایەنەکی دیکەیش .....)) ئەمە تەنها باسمان لە کورتەیەکی زۆر زۆر کورتی زمان کردن مەبەستیش ئەوەیە کەسێ زمانی ئەدەبی لەنگ بەت تکایە با سەشیال میدیا بێ هەل نەقەزێتەوە بە شکاندنی ئاوەنەی نێتەوەیەک...

دووەم :

ژانر و یەکەی ژانر : کەسەکەی یەکەی ژانر تەنها بیرکردنەوەی خودی نووسەرە و هیچی دی، شتێکی بوونە لە جیهانی دەرەوەماندایە ئەویش هەست و درکی پێ دەکەین و خود هووبەووی دەبێتەوە، کەواتە خود لە هەی ئاوەزەوە درک بەو جیهانەی دەرەوە دەکات کە بوونی هەیە، لەرەدا بیرکردنەوە ئەو ژانرە لە چوارچێوەی دەقەکدا دادەڕێژێت بە گەیاندنی چەمکی دیاری کراو بە وەرگر، ژانر بە خۆی بیرکەیەکی سەرەکی کاری ئەدەبی یان هونەری یاخود مەزیکییە. هەر کایەیەک لە کایەکانی پێیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە ژانری فرە هەندی خۆی هەیە، ئەمە کارەکەمان لە بارەی ئەدەب و لە ئەدەبیش هەمان و شیعرە.

بەر لە هەچوون بە نەو یەکەی ژانر، گرەکمانە بڵێین کە بنەما زانستی و میتەدیيەکانی شیعر هەمان ناخزێنە چوارچێوەی یەکەی ژانرەوە، زۆر هەن هەنگە وا تێ بگەن کە هەردووک یەک بن، نەخێر کە دەینە سەر هەمان بنەماکانی هەمان، بە نمونە گەڕەوە، کات و شوێن، زمان، پاڕەوان، گرێ، یان کرێک " الحبكة" کە ئەمایان دەکرێ ئاوێتەی ژانر ببەت، چونکە خودی ژانرەکەیە، بەیە ناکرێت ئەوانی دی تێکەڵ بە ژانر بکرێن..

لەرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئاخە ئەمە بۆچی باسمان لە یەکەی ئێندامەتی نەکرد و یەکەی ژانرمان هەنایە بەر باسکردن، دیارە دوو ئاراستەی جیاوازن و هەردوو ئاراستەیش لە خاڵی سفری یەکدییەوە سەرچاوەیان گرتووە، قسەیەک هەیە هەمیشە دەگوترێتەوە " ئەمە کۆی سەردەمی خەمانین " کەواتە شاعیرانی سەردەمی کەنیش کۆی سەردەمی خەیان بوون لە ژێر کاریگەری ئەدەبی دراوسێکانمان بوون، ئەمە حاشا هەڵنەگرە، نمونەیش عەروزی شیعری عارەبی، لەرەیشدا هەمان کاریگەریان بە سەرەوە هەبووە، یەکەی ئێندامەتی زەربەی بیرمەند و هەخنەگران لە سەر ئەوە کەکەن کە ئەم لایەنە پێیوەستە بەوەی ، بەیتەکانی هەر دەقێکی شاعیرانی کەن یەکەی ژانریان نییە و یەکەی ئێندامەتییان هەیە، بەواتە هەر بەیتێک لە دەقە شیعرییەکانیان بە یەکەوە پێیوەست نین هەر بەیتێک سەربەخۆیی خۆی هەیە واتا ئەگەر بەت و پاش و پێش بە بەیتەکانیان بکرێت ئەوا کاریگەری زۆری لە سەر

نابەت، دەقی ئەمە ئەو فەزایە قبووڵ ناکات، بە نمونە ئاگر باسی مرۆڤێک بکەین لە سەروو بە خوارەوە ئەوا بە زنجیرە پێیدا دێنە خوارەوە، ئەمە بە واتا پێویست بوونی بە دوای یەکەوە، کەواتە ئەمە یەکەی ژانرە، وەلە ئاگر مەرج نەبە باس لە ئێندامانی جەستەی مرۆڤەکە بە زنجیرە بکەین و هەر جارێی شوێنێکی باس بکەین ئەوا ئەمەیان دەچێتە خانەی یەکەی ئێندامەتی بەڵام هەردووکیان لە یەک قاڵبدان هەردوو باس لە جەستەی مرۆڤ دەکات، یەکەکیان بە زنجیرە لە سەروەوە بە خوارەوە یان لە خوارەوە بە سەروەوە، ئەمەیان یەکەی ژانرە، ئەوی دی هەر جارێی باس لە ئێندامەکی لەشەکە دەکات وەلە بە زنجیرە نییە ئەمەیش یەکەی ئێندامەتییە، هەردوو ئاراستەیش کەمێک بیرمەند و بەخەنگر لاگیری لە دەکەن و هەروەها لە نەوان هەردوو ئاراستەکەیش ئاراستەیەکی دی هەیە و مەیلی هەردوو دیویان هەیە، ((لەو گۆڕانکارییەی کە کاریگەری و جیاوازی تێدا بووە دەبێتە هەی ئەوەی وا لە قەسیدەکە بکات ناوێک و شلوە " ناوون " بێت، بەیتەکانی لە بەر یەک هەڵدەوشێنێتەوە، ئالێرەدا ئەمە یەکەی ئێندامەتی پێ دەوترێت، وەلە ئەو خاڵەی پێویستە بە یەکەی ژانر ئەوەیە کە سەرتاپای قەسیدەکە لە یەک جەری دیاریکراو خەی دەبینێتەوە، هیچ شتێکی دی لە تەواوی قەسیدەکە لە خە ناگرێت، و لە گەڵ کۆنیتەکستی شیعرەکەدا دەگونجێت)) " ٤ " کارەکە لەرەدا بە کۆتایەت هەروەک گوتمان دوو ئاراستە هەن کەواتە مشتومە و دەموودوویەکی زۆر هەڵدەگرە و وا بە سانایی نەک یەکلانابێتەوە وەلە یەکلانەبێتەوە، ((یەکەی ئێندامەتی شیعر کاریگەرە – تا مەودایەکی دوور – لە درک پێکردنی و جەبەجێکردنی بە بەچونی ئەرستە بە یەکەی داستان و شانامە، مەبەستمان لە یەکەی ئێندامەتی لە قەسیدەدا، یەکەی ژانرە، یەکەی هەستێ کە شاعیر دەیوروژێنێت، ئەوەی لەرەدا پەیوستە بەدوای یەک ڕەکستنی وێنا و بیرکردنەوەکانەوە ڕەکبخرێت شیعرە وردە وردە پێشبکەوێت، تا کۆتا تەواوبوونی دەخوازرێت بیرکردنەوە و وێناکان ڕەکبخرێن، بە مەرجێ بەشەکانی قەسیدەکە بونیادێکی زیندوو بێت، هەر بەشێک کاری خەی دەبێت، کە لە ڕەگەی ریزبەندی بیر و هەستەکانەوە بەرەولای یەکدی بەرن)) " ٥ " ئەوەی لەرەدا بەمان ساغ دەبێتەوە کە ئەمە بەش بەحاڵی خەمان دوای ئەوەی سەرچاوەیەکی زەرمان پشکنی و کنەی ئەم پرسەمان کرد، وای بە دەچین کە یەکەی ژانر بەشەکە لە یەکەی ئێندامەتی، وەلە وەک نهاگورە نەکراوەتەوە، بە ئەمەش لە دەقی شیعری نوێگەریدا پێویستە قەسیدەکە یەکەی ژانر بە سەریدا زاڵ بێت، لە ڕەماندا یەکەی ئێندامەتی زۆتر پێویستە، کەواتە بەچی لەم بوارەدا جیاوازە ؟ دەگەڕێتەوە بە ئەوە لە ناو ڕەماندا چەندین چیرەک هەن خزمەت بە چیرەکە گەورەکە یان

بەیەن بە خودی مەبەستی نووسەر لەو دۆقی نەخشی بە داشتووە دەکات، ئەدەب نەمازە شیعر پەنجە بە هەر لایەنکی ببی دەرگای دیکەت لە دەکاتەوە و پەل بە زەر لایەنی دیکە دەهاوێت، کوردی و کورتییەکی وەک زەردەواڵە لەت دەئاڵە و ناکرێ پشتگوێی بخەی، زەر جاریش لە ناچاریدا لە لای هەر نەتەوە و گەلێکەوە بەت لە کورتی دەیبەنەوە و بە خەکانی دیکەی جە دەڕن بەردەوامی پە بدا و دەرگای دەمودوو و مشتومە بکاتەوە.
یەکەی ژانر پەویستی بە زنجیرە باسی لەژیکی هەیە کە لە چواچێوەی پرسکدا دەخولێتەوەو پەل بە لایەنی دیکە ناهاوێژێت، ئەمە بە شیعر زیاتر لە بارترە وەک لە ڕەمان، ڕەمان بە چەندین لا پەل دەکوتێت وەڵە لە چواچێوەی ژانرەکە یان خزمەتکرنی بە ژانری سەرەکی بیرکردنەوەی نووسەر یان چاکتر وایە بڵێین، لە کرێکی باسکە لا نادات هەموو پەیوەست دەبن بە یەک پرسەوە ئەویش ئەو ئاراستەیە ڕەمانەکەی لە سەر بونیادنراوە.((چەمکی ئەدەب، ئاستی ئاوەزییە، توانای چالاکی ئاوەز سوودبەخشە بە پەکهەنانی دروستکردن و هەنینەوەی توخمە پەکهەنراوەکانی کەرستەی ئەدەب و داهێنانەکەی، ئەم توخمە سە پەکهاتەی سەرەکی لە خە دەگرێت کە ئەمانن : " فەرم ، ڕەگەزی ئەدەبی ، کار " فەرم سوود بە پەکهێنەری زمانی داشتن دەگەیەنێت، ئەوانەیشی لە فرە شەوازە ئەدەبییەکلندا لە خەی دەگرێت، کەچی ڕەگەزی ئەدەبی، سوود بە چوارچێوە گشتییەکانی فەرم دەگەیەنێت، لە جەرە هونەرییە گشتییەکان و لقی ڕەگەزە ئەدەبییەکان، هەروەها کاری سەبەری سوود بە هەکاری نووسین دەگەیەنێت" و نامانجەکانی ئەدەب لە بەهای بیرکردنەوەی هەمەچەشن کەمەایەتی، ڕەشنبیری و ئەستاتیکا و واتای ژانرییکان لە خەدەگرێت هەر لە چەمکی فەرم و ڕەگەزی ئەدەبی)) " ٦ " بە هەر دۆقکی ئەدەبی گەرەکە ئەو سە فاکتەرە هەمیشە لە بەرچاو بگیرێت لە پەناو سەرکەوتنی دۆقە ئەدەبییەکە، ئەوانیش فەرم و ڕەگەزی ئەدەبی و کارەکی، ئەمەیش لە ڕەی چالاککردنی ئاوەز " عەقڵ" بەرهەم دەهێندرێت، گەرەکە ئاوەزیش تەر مەعریفی بکرێ.

سەردار ڕەزا جاف
شاعیر و ڕەخنەگر، ئەمانیا

سەرچاوەکان
١ – بحث عن خصائص النص الأدبي، كتابة، ندى أبراهيم ، موقع المرجع، في ١٦ / ٥ / ٢٠٢٥
٢ – ماهية العلاقة بين اللغة و الأدب و كيف يؤثران بعضهما، سامر

سليمان، موقع سيدتي ، ٣١ / ٧ / ٢٠٢٤
٣ – تعريف الأدب لغة و أصطلاحا، كتابة: ألاء مبارك ، موقع فهرس في ٥ / ٧ / ٢٠١٩
٤ – ماهي الوحدات الموضوعية، كتابة : حنان عصام، موقع المرسال في ٢٦ / ٤ / ٢٠٢١
٥ – النقد الأدبي الحديث ، دكتور محمد غنيمي هلال ، دار نهضة مصر للطباعة والنشر و التوزيع، أكتوبر ١٩٩٧
٦ – قانون الكتابة الأدبية : الحعاصر والمكونات الأساسية، الأستاذ الدكتور عبدالرحمن محمد بن الوهابي، ، قسم اللغة العربية و آدابها، كلية الآداب والعلوم الأنسانية ، جامعة جدة " السعودية "

- ولیەم هازلیت نووسەری ئینگلیزی و ڕەخنەگری دراما و وێنەکێش و فەیلەسوفە لە ١٠ نیسانی ١٧٧٨ لە دایک بووە و لە ١٨ / ٩ / ١٨٣٠ ماڵئاوایی لە ژین کردووە، ئەمەستاکە بە مەزنترین ڕەخنەگر و نووسەری وتار لە بارەی میژووی زمانی ئینگلیزی دادەنرێت، هاوشان لە تەک سامئیل جەنسەن و جەرج ئەرویل.... سایتی ویکیپیدیا

هەر گۆڕانێک کە لە دارەدوارە.. برایم فەقێشی

هەر کمان خەکی شارێک بووین، ئەو شارەی لە تەمەنی پانزدە ساڵان لەی هەقەندرام. ئەو کەی و بەچی شاری بەجێ هەشتبوو و بە کوە چووبوو، لام ەوون نەبوو. بەڵێی لە شەقام و کەنارەکانی، بەردەرکی کتێبفرۆشی، ڕۆژنامەفرۆشی، لەڕ و لەوێ، بەر دەرکی دووکانی شاعیر، ڕەبوارانێ چاومان بە یەک کەوتبێ، نازانم. هاوتەمەن نەبووین، من لە چاو ئەو منداڵ بووم، منداڵێ کە خەریکی گەڕان و پشکنین بوو، بە ئەوەی زەد و کەسایەتییەکانی بناسێ. تەقولبابی ماڵانم دەکرد و سەرم بە هەر شوێندا دەکرد، بە ئەوەی چاوم بەم و ئەوی هونەرمەند بکەوێ و گوێ بە گەرانەوە و شمشاڵ و بەسەرهاتنیان ڕاگرم. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هیچ شوێنێک و لە زاری کەسەوە ناوی ئەوم نەبیست. لە ناو

هونەرمەند، نووسەر و شاعیر، نە لە ناو داموددەزگای ئیداری و فەرگە، کەس جارێک ناوی نەهێنا!
لە سەردەمی جوڵانەوەی سیاسی و نیزامی گەر ئەو لەرە و لەوە لە ناو بازنەی ئەم حزب و گرووپدا بووبێ، لای من شاراوە بوو. لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و لە هیچ کەس و کەمەسێک ناویم نەبیست و کەسیش ناوی نەهێنا. هەموو ئەوانە بۆ مانایە نەبوو کە ئەو هیچی لە بارەندا نەبووبێ، بەڵکو بۆچوونەکانی، ئەو لە زەر لایەنەوە هەمبانی پێ بوو، بەڵام هەڵاچی نەبوو.
لە وڵاتێکی ئوروپا لە ماڵی ئازیزێک، کە ئێستا ژن و پیاو هیچیان نەماون، بۆ ئەوەی بیناسم، لە گەڵ یەک کەوتینە گفتوگۆ، ئەو هەم میوانی ئەو ماڵە بوو، هەم میوانی خاو وخێزانی خۆی، ئەو لە وڵاتێک و خاو وخێزان لە وڵاتێکی تر دەژیان. منداڵەکانی و خۆی و خێزانی بە ساڵان ژیانی ناو گوند و شاخیان تێپەڕاندبوو، ئەو یەکێک لە ئابڕانی حزبەکەی بوو، کە دوای لێتبوونەکان گەیشتبووە ئوروپا و دوای ساڵانێک بە دیداری بنەماڵە و خزمەکانی شاد دەبێ. دوای ئەم دیدارە گەڕایەوە ئەو وڵاتەی، ژیانی نامەیی و کاری ڕۆژانەی تەدا تێدەپەڕی. بەردەوام نامەی دەنارد..
شێخ فەدین کوردستانی جگە لە نامە، بابەتی سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی بۆ دەناردم و پاش هەڵگەڕاندنەوە بە سەر زمانی ئاڵمانی لە گۆڤاری "Kurdistan heute" چاپ دەکرا، گۆڤارێک کە ناوەندی بڵاوگەنامە و زانیاریی لە شاری بۆن(پێتەختی پێشووی ئاڵمان) دەریدەکرد و لە وڵاتانی(ئاڵمان، ئوتریش،سویس) بڵاو دەکراوە و نووسەری ئەم دێڕانە یەک لە ئەندامانی ڕێداکسیۆن بوو.
ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵێک گوتی، دێم و دەمەوێ بچمە فستیوالی کوردەکان لە شارەکەی ئەوە، ئەوە هەمان ساڵ بوو، کە حزبێکی باکووری کوردستان بە یەکەمجار لە مەیدانی تێپی پێی ناونەتەوەیی شار، گەورەترین فستیوالی هونەریی فەرهەنگی سیاسی وڵێ خستبوو. پاش چوون بۆ ئەو فستیوالە و بەیەکەوە بوون و قسە و باسی زەر، بەم دەرکەوت کە ئەو دەست و نزیک و هەواڵ و هاوپێڵ و هاوتەمەنی دەستێکی خەمە کە ئەویش لە فەرکارانی فەرگە و زیندانی سیاسی و نووسەر و مێژوونووس و هەروەها هەرکیان دەست و هاوڕێی کاکە سوار بوون و هەر ئەوان تێکڕا بە ڕووداوی سیاسی و فەرهەنگی بوون و هەموشیان سەردەمێکی درێژ لە تاران نیشتەجێ بوون. ئەو و سوارە "ماف"یان خوێندبوو، سوارە لە بەشی کوردی ڕادیۆ دامەزرابوو، ئەو لە شارێکی کوردستان ببووە قازی.
سەرئەنجام دوای دووریی چەند ساڵێ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان، یەکتریان گرتەوە و ڕۆژگای دیتن کورتر بووە. ڕۆژێک ئەو و کەنە

دەستەکەی هەرکیان بوونە میوانی شارەکەی قەراخ چەمی ئاین و دەمەک لە دەمی ژیانی هاوبەش بە یادی گەمی سەرسەکە تەمار کرا، وەک فرمێسکی هەژارێک لە سەر چەمی ئاین.

لەسەر چەمی ئاین لە ڕۆژگارە جارە
تکا ئەشکی ئاوارە کوردە، هەژارە
بەسەریا خوێی: کوێندەریی ئەی تکەی سوێر
ئەتە و ئەرە چی دەنکە فرمێسکی بە خەر؟
وتی: ئاوی چاوی کوێی کوردستانم
لە دەجلە و فوراتایە ناو و نیشانم
لە زەرینڕووەد و تەتاهە سەلامە
لە بەژنت لە چلچەشمە پەمە پەیامە
لەسەرخە بە ئەی ئاینی شەخ و شیرین
شتەک بووین ئەمەش گەرچی ئەستا ئەسیرین
هەچەند دیل و بەچارەشە نیشتمانم
ببەخشە لە جەی تەی بە خەشتر دەزانم
چ کەوە و چ سیروان و ئاوەژەیە
بە دیمەن هەمووی شەخ و شەنگتر لە تەیە
ئەگەر لادەچە ئەم تەمەی نەگبەتیمان
بە خاوەن دەبە کەو و چەم و زەویمان
لە دەکی نەیاران بژارەکی دەکرە
هەزارانی وەک تە لە شاباشی دەدرە
بەڕە ئاوی چاوم لە دە هەڵکزاوم
لەڕەی سەربەخە بوونی کوردان ڕژاوم
وتی ئاین: ئەی تیشک و هەزی دەی من
وەرە باوەشم بتبەمە بەحری بە بن
بە هاوار و دادت موحیت بشەژنە
لە چەپگەردی گەردوون بەشی کورد بسەنە
1957/08/15 بادگودەزبیرگ- بەن- ئەمانیا
پاش دامەزراندنی ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بەکان، ئەو و کەسانی وەک حەسەن سەلاح سەران، ئەنوەر سوڵتانی یەک لە دوای یەک بوونە نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەران و بەرهەمکانیان شیعر، چیرۆک، وەرگێڕاندن بۆ دەکرایەوە، ئەو لەزانی زمان بوون، لە زمانگەلی ئەمانی، ئینگلیسی، فەڕانسە، ئازەری، فارسی شارەزا بوو.
چیرۆکەکانی چ ئەوانەی ژیانی خەی لە سەردەمی منداڵی و دواتر دەگرتەوە، چ ئەوانەی باس لە ژیانی نیشتمانپەروەران بوو، چ ئەوانەی وەرگەڕاندن بوون، هەڵگری زمان و جوانییەکی تایبەتی زمانی

کوردی و هونەریی وشە بەکارهێنان و فانتەزیی هونەریی و ئێستەتیکی بوون. شیعرەکانی خۆی و وەرگێڕاندنەکانی شیعریی لە زمانی ئینگلیزی، فەڕانسە، عەرەبی، فارسی و ئازاری، نووسەر و شاعیر و کوردیزانێکی، کەم وێنەی دەناسانند.

[من و دارەبەن

کات دەمەو زەردەپەرە، دارەبەن لە ئامێزی دۆڵی چەل و کراێدا بە شنەی شەماڵ، پرچی ئاڵاوزی بەشانەدەکا و لیزگەلیزگە دەیهێنتەوە. لە شادیی ژوان و شەورامووسانێکی خەیاڵاوی لەگەڵ تریفەی مانگەشەو تەزوویەکی سارد بە سەرتاپای لەشی دادێ.

شەو زرینگاوەتەوە، ئارەقی ئەوین دۆڵپ دەتکێتە نێو هەناوی دارەبەن و پەنجەکانی هێدی هێدی بە سروە دەلەرن و شەوباش لەگەڵ ئەستێرە دەکەن. تریفەی بە ئارام تارمایی شەوەزەنگ وەڵادەنێ و ئامێزی فێنکی لە باڵای دارەبەن وەردێنێ و لەنێو یەکتردا دەتوێنەوە. ***

کات بەرەبەیانە، گزنگ ئەنگوتووە، دارەبەن سەرمەستی ئەو ژوانەیە، کە قەتی تەشوێی کاسبکارێک لەو خەوە یەزدانییە رایدەپەرێنێ. ئەو خەوپەڕینە دەستوەشێنە سەرتاپای دارەبەن بەبەزەیی زامدار دەکا و بە هەر زامێ گەمیلکەیەکی قوێن وەکو قاپڵکەی چاوی برسی بەڵەشیەو دەلکێنێ. زامەکان دەبن بە چاو و هەموو ئەسرینیان لێدەبارێ. فرمێسک دەرژێنە نێو گەمیلکە قوێنەکەوە و دەبن بە ئاوێنە. لەو رۆژەوە کە زاممەکانی دارەبەن دەبن بە چاو و چاوەکانیش روندکیان لێدەبارێ ئاهی ساردی، لە بەندی هۆشووی قەزوانی شلک و بێنخشدا دەمێنتەوە، کە لەهەر دەستپێداهێنانێکدا دەڵێی دایکی ڕەنە کوژراوە کە بەڵانی خۆیدا دەکێشێ و پەککوپە! ککوویەتی !

منیش ئەو کوردەم کە لە بەرەبەیانی خەوێکی یەزدانیدا وەکو دارەبەن، زامداری بێتاوانی ئەوێ وەاتەکاول کراوەم. هەر دوو لەشمان بە ئاوریشمی ئەوین چنراوە و پێ بەستراوی ئەو لەوار و چۆڵ و چەوین.

بەندی دۆی دارەبەن بە ناخی زەویدا چووە و من بە پانایی و درێژایی ئەو وەاتەدا بە تای کەزی و بەتیری مژڵی نازداران بە سینگی ئەردەوە هەزار مخەکراوم و کێوی یادگاری باووباپیرانیان لەسەر سینگ داناوم.

ئێمە دوو ئەویندارە لەمژینەین و دووو پێ لەزنجیرکراوی دڕینە. بەسەرهاتی ئێمە لە لە بلوێری شوانەوڵە و لە قاسپەی کەو و چریکەی بولبول دایە. داخوا کەس هەیە ئەو بەسەرهاتەی ئێمەی بەگوێ نەگەیشتبێ؟]

ئەو ڕاستگۆیانە بابەتی سیاسیی دەنووسێ، لە وەک دەستەکانی و گەلێک کەسی تر کەوتۆتە مەیدانەکەوە کە مەیدانی ئەو نەبوو. ئەوان لە ڕێگای بەرهەمەکانیانەوە چ خزمەتێکبوونی ئەم کەسایەتییانە لە تەک حزب چ لە کوردستان و هەر شوێنی تر، ڕێگریی لە ئازادیی کەسەکە خۆی و ووشاندنی کەسایەتی بە هەی تایبەتمەندی سیاسەت و حزبایەتی کە بە پێی بارودۆخ سەروخواری پێدەکرێ و لەم ڕێگایەدا پێنسیپ، ئەخلاق، تێگەیشتن و لە هەموو گرنگتر بەچوون و هزریی ڕاستقینەی کەسەکە یان دەبێ بە بەچوونی حزب و سیاسەت لەبەرچاو نەگیرێ، یان دژ بوەستێ کە تاکە کەس وەبەر شاڵاوی حزبەکە دەکەوێ، کە ئەم دیاردەیە لە ناو کوردستان لە سەد ساڵی ڕابووردوو بەردەوام بووە و دیتراوە. هەمن، هەژار، قزەجی، پێشەو، سابیر، بەکەس و دەیانی تر زیانمەندی ناو ئەم بازنەیە بوون، ئەوە کەسانی وەک بڕێشت، گراس، سارتر و دەیان و سەدانی تر دەگرێتەوە کە بە هیوای ئینسانی تەکەڵ حزبەکانی کۆمۆنیست و سۆسیال دەموکرات کەوتن و هیواکانیان لە ناو ئەو حزبانەدا نەبوونە واقعی ژیانی خۆیک. ئەویش یەک لەو کەسانە بوو، کە لە ناو و دەرەوەی حزب تووشی باڵانس نەبوو. کارە هونەریی و ئەدەبی و هزرییەکانی کەوتنە ژێر سێبەری نووسینە سیاسییەکانی و بازاڕی بە پێنسیپی سیاسی و حزبی!

شەرەفەدین کوردستانی جارێکی تر گەڕایەوە کوردستان بەو هیوایەی بتوانێ لە بواری پیشەیی خۆی و بواری ئەدەبی و هزریی و زانستی خۆی گوتەنی خزمەتێک بکات. چی دیت و چی چێشت جیاواز لە دنیای حزبی و حزبایەتی و چەندە بواری بە ڕەخسا لە بواری پسپێیی خۆی و هزر و ئەدەب کار بکات، چیرۆکەکەی لای خوێنەر.

دیداری دووبارەی ئەمە ساڵی ٢٠٠٥ ڕووی دا ئەو کاتەی، دەستەکی غەیب ناوی منی خستبووە ناو لیستی بانگهێشتکراوانی فستیوالی یادکردنەوە لە زیندەیاد قازی محەممەد لە شاری سولەیمانی. نیوەشەوێک لە هوتێل ئازمەر توانیم حەسەن سەلاح سەران و ئەو و خالید حیسامی و گەلێک کەسی تر لە ئامێز بگرمەوە. کە هەندێکیان دوا دیدار و هەندێکی تر دیداری تازەی ئەو نووسەر و شاعیر و ئاکادمیسین و چالاکانی سیاسی بوون کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون.

کوردستانی جارێکی تر گەڕایەوە شارە نامۆکەی هەندەران و ژیانی ڕۆژانەی لە ناو کتێب و نووسین و خوێندنەوەدا کە کردەوە و جار بەجار سەفەری ئەسرە و ئەوە و تەلەفونات لە گەڵ ئەم و ئەو و بەئاوکردنەوەی بارهەمەکانی لە وێبلاگی تاکە کەسی خۆی و لاپەڕەی سۆسیال مەدیا. ئەوە ساڵێکە ئیتر وێبلاگ و لاپەڕەکەشی بەدەنگ بوون.

هەمان هەسە شاعیر، نووسەر و بیرمەندی تورکە وەاتی سەردەمی

فاشیسم، باس لە پیشلەیەکی دوورە وەات دەکات کە لە کۆتانەکان کەس درگای لێناکاتەوە. هەرمان هەسەکانی وەاتی من کە لە وەاتەکەی خۆشیان و دەرەوە دەرگا لەسەر داخراو ماونەتەوە، یەک و دووان نین، یەکیان لە شارەکەی خۆی لە ناو تابۆکانیدا بەدەنگ گیانی دەردەچێ. ئەویتر کە لە دەرەوە هەستان و دانیشتنیان لە تەک فیلسووف و بیرمەند و شاعیر و نووسەری ئوروپا و ئامریکا و کانەدا و ئەرە و ئەوە بووە، بەدەنگ و نەناسراو دەمێننەوە، وەک گەران(شاعیر، چیرۆکنووس، وەرگێڕ)، عەزیز(نووسەر، وەرگێڕ، فەیلەسووف)، عەزیز(هونەرمەند، نووسەر، تەنزنووس)، عەزیز(فەرهەنگنووس)، حەسەن(پزیشک، فەرهەنگناس)، عەلی(نووسەر، شاعیر، وێژەر) و گەلەکی تر.
هەر گۆڕانێک کە لە دارە دەورە، دەنگ و ڕەنگی هەیە، بەڵام لە ناو میللەتەکەی گۆڕا و دەنگ و کەس، هەموو پرسیار ماوەتەوە...!

برایم فەقێ
نووسین ٢٩/٢/٢٠٢٤ پەداچوونەوە ٩/٨/٢٠٢٥
*هەر گۆڕانێک..شیعری هەڵە سوارە ئیلخانی زادە

هەشتا ساڵ دوای کارەساتی هیرۆشیما، کابوسی چەکی ئەتۆمی بەسەر مرۆڤایەتیدا.. ڕەحمان حوسێن زادە

جیهان و مرۆڤایەتی هەشتا ساڵەی کارەساتی ئەتۆمی هیرۆشیمایان نەک بە هەستیاری پێویستی مرۆڤایەتی، وەک هەواڵێکی ئاسایی تێپەڕاند . لە ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئابی ١٩٤٥، کاتژمێر ٨:١٥ی بەیانی، لەگەڵ تەقینەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لە شاری هیرۆشیما، زیاتر لە حەفتا هەزار کەس، منداڵ، پیر و گەنج، لە یەکەم چرکەدا بەنە خەرمەش. ئەم ئاستە لە کارەساتی جینۆساید هەشتا ڕە وە شتی تاوانکارانە و زۆرداری میلیتاریستی یەکێک لە سەرکەوتووکانی جەنگی جیهانی

دووەم، واتە ئیمپریالیزمی ئەمریکای تێر نەکرد. دوای سێ هێز و لە ٩ی ئابدا دووەم بۆمبی ئەتۆمی کۆتە سەر شاری ناکازاکی. ئەم شارە هەر وەک هیرۆشیما کرا بە زەویەکی سووتاو. لە سێ هێزی یەکەمدا گیانلەدەستدانی سەد هەزار هاوڵاتی ژاپۆنی کە لەو دوو شارەدا دەژیان تەمار کرا. بڕیاری ئەو نووسراو و ئامارانەی تا ئێستا بەاوکراونەتەوە، لە پێنج مانگی کۆتایی ئەو ساڵەدا ژمارەی کوژراوان گەیشتووەتە "دوو سەد و سی هەزار کەس. جگە لەوەش ژمارەی وردی ئەو قوربانیانەی کە تا ئەمڕۆ بەهۆی دەرئەنجامە درەنگەکانی ئەو هێرشانە گیانیان لەدەستداوە دیار نییە، بەڵام پەدەچێت چەند سەد هەزار کەس بووبێت".

ساختە کاری گەورەی مێژوو: ئیدیعای پیچەوانەی بە کارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بۆ شکست پێهێنانی ژاپۆن و دروستکردنی "ئاشتی" :

لەو قۆناغەوە تا ئێستا ئەکتەر و شرۆڤەکاران و ئایدۆلۆژیستەکانی بەرگری لە دەستەی دەسەڵاتداری ئیمپریالیستی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی، ئەم گەورەترین تاوانیان لە دژی مرۆڤایەتی پاساو هەناوەتەوە وەک ئەوەی ئامانجەکە "شکست پێهێنانی ژاپۆن و کۆتایی هێنان بە شەڕ و دروستکردنی ئاشتی" بێت. ئەم ئیدیعا بە بنەمایە هەر لەو قۆناغەوە، نەک تەنیا لە لایەن مرۆڤایەتی ئازادیخواز و ویژدانی هۆشیارەوە، بەڵکو لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتمەدار و شرۆڤەکارانی نەزمی ئیمپریالیستی بە ئاشکرا کۆتەتە ژێر پرسیارەوە. هەمووان دەزانن کە جەنگی جیهانی دووەم بە شکستی فاشیزمی هیتلەری لە مانگی ئایاری ١٩٤٥ بە شۆڕەیکی کاریگەر کۆتایی هات، دوا بڕیاردانی لاواز و بە ئومێدی سوپای ژاپۆن لە ناوچە دوورەکانی دور لە ئەوروپا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بڕیاردوامبوونی جەنگی جیهانی دووەم نەبوو. مەسەلەکە تەسلیم بوونی ژاپۆن نەبوو کە بە بڕیارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی یان تەنانەت درێژدان بە جەددی شۆڕەکە ووی دەدا، بەڵکو ئامانج نمایشی میلیتاریستی دەسەڵاتی ئەمریکا نەک دژی "کابرە شۆڕەکان" بەڵکو دژی "هاوپەیمانەکانی" کە تا دوێنێ لە جەنگی جیهانی دووەمدا هاوپەیمان بوون و "کابرە جیهانییە نوێیەکان" لە سڕیانە وەیەکێتی سۆڤیەت بوو. هەوداوەکانی کۆنفرانسی پۆتسدام کە لە ١٧ی تەممووزەوە تا ٢ی ئابی ١٩٤٥ لە شاری پۆتسدامی ئەڵمانیا بەڕێوەچوو، کە ئەوکات لەلایەن سوپای سوورەوە داگیرکرابوو، و ستالین (سەرکی سۆڤیەت)، چەرچڵ (سەرک وەزیرانی بەریتانیا و دواتر کلیمنت ئاتلی لە شوێنی ئەو) و هاری ترومان (سەرکی ئەمریکا)، چە واشە کاری پیویستی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ئەمریکا و ترومانی تاوانبارەوە لە دژی هێرۆشیما و ناکازاکی ئاشکرا دە کات.

سەرکەوتووانی جەنگی جیهانی دووەم لە کۆنفرانسی پۆتسدام کۆبوونەوە بە دابەشکردنی "غەنیمەتکانی" شێوە لە نەخشەی خەیاڵدا، لە کۆبکەیەکی هەستیار و کاریگەردا کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مەودای دە سە لاتی کاریگەریی هەر دەسەاتێکی ئیمپریالیستی بە دڵیان ساڵی داهاتوو دیاری دەکرد. "بە بەیاردان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەڵمانیا، کە نێ هەفتە پێشتر ڕازی بووبوو بە خەبەدەستەوەدانی بە مەرج. لەو کۆنفرانسەدا هاری ترومان کە دوای مردنی فرانکلین ڕۆزڤەڵت بووبووە سەرۆکی ئەمریکا، بە یەکەمجار لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی هاوپەیمانان کۆبووەوە. هەر لە ناوەڕاستی ئەم کۆنفرانسەدا بوو کە ترومان ئاگادارکرایەوە کە "بەمبی ئەتۆمیان بە سەرکەوتوویی تاقیکرایەوە"، هەروەها بەیاری دالە دژی ژاپۆن بکاریبهێنێت. چەند ساڵێک لەمەوبەر، چەرچڵ لە فیلمێکی دیکۆمێنتاریدا سەبارەت بەم کۆنفرانسە کە لە تەلەفزیۆنی سوید پێخشکرایە وە، وتی. "ستالین لە قسەکانیدا سەبارەت بە دواپین بڕڕخەدانی سوپای ژاپۆن کە ئەوێندە جددی نەبوو، ئامادە یی سوپای سۆڤیەتی دەربڕی بە هاوکاریکردن لەگەڵ سوپای ئەمریکا لە پێناو هێنانەدی تەسلیم بوونی کۆتایی ژاپۆن. لە وەاڵمدا هاری ترومان ڕایگەیاند، "پێویست ناکات، چەکەکمان دەستکەوتووە، بەم زووانە بڕڕخەدانی ژاپۆن تەواو دەکەین." ستالین بە تورە یی و ناڕازایی زوو و بە ساردی کۆنفرانسی بەجێهێشت، لەوشەوە لەکاتی جێهێشتنی کۆنفرانسەکەدا فەرماندەکی دەرکرد بە خێراکردنی بڕەمەهێنانی بەمبی ئەتۆمی سۆڤیەت" (وەرگیراو لە فیلمێکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بە جەنگی جیهانی دووەم و کۆنفرانسی پۆتسدام). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە یەکێتی سۆڤیەت یەکەم بەمبی ئەتۆمی خۆی لە ۲۹ی ئابی ۱۹۴۹ تاقیکردەوە، کە ستالین هێشتا لە ژیاندا بوو. بەم تاقیکردنەوە، هاتنە ناوەوەی یەکێتی سۆڤیەت بە ناو یانەی وڵاتان بە چەکی ئەتۆمی چەسپێندرا و پێشبەکێی چەکی ئەتۆمی لە نێوان ئەو دوو زلهێزدا لە کاتی شەڕی ساردا گەیشتە لوتکە.

هەمان ئەم چیرۆکەی چەرچڵ نیشان دەدات کە بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە دژی سوپای تەسلیمکراوی ژاپۆن نەبووە. مردنی سەدان هەزار منداڵ و ژن و پیاوی پیر و گەنج لە هیرۆشیما و ناکازاکی بوو بە سوتە مە نی و تێچووی کۆبکە و تەماحی پشکی ئەمریکای سەرمایەداری و ئیمپریالیست لە ووبەووبوونەوە و کۆبکە لەگەڵ زلهێزە سەرمایەدارییەکانی دیکەی جیهان.

ئەفسانەی بەگری ئەتۆمی!

خاوەنی بەمبە ئەتۆمییە جیهان وڕانکەرەکان، ئایدۆلۆژیست و بڕگریکارەکانیان بەردەوام شمشاڵێک لەم ئەفسانەیە دەژە نن، "چەند

باش کە چەکی ئەتۆمی بەرهەم هێناوە!؟، چونکە پێیان وایە بوونەتە گرەنتی ئاشتی و هێگری لە دووبارەبوونەوەی شەڕی جیهانی!!". تاوانبارانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی و بەردومانی هیرۆشیما و ناکازاکیەوە، مرۆڤایەتی لە ژێر هەژموونی قازانج خووازی سەرمایەداری جیهانیدا بە مانای ئاستەقینەی وشەکە ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە. بە گوتەی ئەنجەلیکا کلازن، یەکێک لە نووسەرانی گۆڤاری "یونگە وەت"ی ئەڵمانی نزیک لە "پزیشکانی نەودەوەتی بۆ پێشگرتن لە شەڕی ئەتۆمی (IPPNW)"، چەکی ئەتۆمی تەنانەت لە قەناغەکانی پەرەپێدان و تاقیکردنەوەشدا قوربانیی بە رهەم مەدینیت . بۆیە خەڵکانێکی تیشکی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکانی ئاسمانی لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠دا بووەتە هۆی مردنی لانیکەم دوو ملیۆن کەس بەهۆی شێرپەنجە لە سەرانسەری جیهاندا. "بە تایبەتی دانیشتوانی ناوخۆی ناوچەکانی تاقیکردنەوە زەرترین زیانیان بەرکەوتووە". بەیە ئەگەر فاکتەری شەڕی چینایەتی هووت و ئیستغلالکردنی چە و پێی سەرمایەداری و تەنانەت تیابردنی هەزی فیزیکی چینی کرێکاری جیهانی و مردنی هەژانەی ملیۆنان کەسی هەژار لە ئەنجامی قازانجخوازی سەرمایەداری لیرە لە بە رچاو نە گرین، شەڕ بە مانای سەربازی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دیکەی کەڵکوژ و بۆمب و مووشەک و ئامرازی وێرانکاری دیکە، یە خە ی کەڵگەی مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهان و بەسەر هەموواندا و کیشوەرەکان لە هەژی دوای کۆتایی هاتنی فۆرمی جەنگی جیهانی دووەمەوە گرتووە.
ئاوەی کە لە قەناغە جیاجیاکاندا هاوسەنگی هێز لە نێوان جەمسەرە سەرمایەداری و ئیمپریالیستەکان و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانیان و ئیمتیازەکانیان بە یە کتر ئە وانی گۆیاندووەتە خاڵی سازان، بە نموونە سالانێکی زۆر هێگری کردووە دوو جەمسەری بلۆکی هەژهەڵات و هەژئاوا لە دووبارەبوونەوەی شەڕ لەسەر قەبارەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە چەند دەیە، چیتر بەهۆی "دیاری چەکی ئەتۆمی جینەسایدەوە نییە. یان دوابەدوای داماتی بلۆکی هەژهەڵات، نەزمی سەرمایەداریی ئەستا شیواو بە سە ریە کدا، هەرچەندە نەگەیشتووەتە خاڵی ئاورینی شەڕێکی جیهانی کلاسیک و ئەزموونکراو، بەڵام شەڕی ناوخۆیی و ناوچەیی سەریهەڵداوە. وە بە وەکالەت، بەاوبوونەوەی تیرۆر و نائەمنی بە دەستەوەردانی هاستەوخۆی زلهێزە سەرمایەدارەکان کە خاوەنی چەکی ئەتۆمین، مرۆڤایەتی خستەتە خاڵێکی زە ختی تونداوە. شەڕ و تیرۆر و جینەسایدە لە هەژهەڵاتی ناوەاست، دوابەدوای پێکهێنانی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل بە نە خشە ی بەریتانیا و فەرەنسا و پاپشتی بەردەوامی ئەمریکا و شەڕی ئەستای

ئۆکرانیا و شەڕی بەردەوامی ئەمەش لە ٥١ شوێنی جیهان، هیچی کەمتر لە شەڕکی جیهانی نیشان نادەن. مەترسی شەڕی ئەتۆمی بەجۆرێکە کە لە بەیاننامەیەکی هەشداریدا، "گۆڤاری زانایانی ئەتۆمی ئەمریکا" لە ٢٨ی ژانویەی ئەمساڵدا، بە وتەی خۆیان، "کاتژمێری قیامەتیان بە ٨٩ چرکە دانا تا نیوەشەو، واتە نزیکترین کات لە "لەناوبردنی مرۆڤایەتی" تا ئێستا. بە وتەی پسپۆڕێکی دیکەی ئەتۆمی، "ئەمە تەنها هەفتەیەک دوای دەستپێکردنی خولی سەرۆکایەتی دووەمی دۆناڵد ترەمپ ڕوویدا. سەرۆکی ئەمریکا بە کردەوەکانی ئەم مەترسییەی بەرجەستەتر کردووە. تەنها هەفتەی ڕابردوو فەرمانی بە ژێردەریایی ئەتۆمی کرد کە لە ڕووسیا نزیک ببنەوە." من ئەوە زیاد دەکەم کە ئەو کارە ئیستفزازییەی ترەمپ دوای هەڕەشە ئەتۆمییەکانی مەدڤیدڤ، سەرۆکی پێشووی ڕووسیا و جێگری ئێستای ئەنجومەنی ئاسایشی حکومەتی ڕووسیا هات. ئەم دۆخە ئەوە نیشان دەدات کە چۆکی ئەتۆمی نێک ئامرازێکی "ڕۆگریکردن"، بە لکو هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و ئۆگاری هەیە بە سەر ژیانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ. بەیە لە یادی ٨٠ ساڵەی کارەساتی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناکازاکی، تێپەڕبوونی مرۆڤایەتی پێشکەوتنخوازانە بە خەم ساردییە وە بەم ڕووداوە خۆی کارەساتێکی شکڵگرە. ئەمە لە لای خەمانەوە لە بۆگەنامەیەکدا لەسەر دۆخی جیهان کە لایەن کۆنگرەی یازدەیەمی حزبی کەمۆنیست کارگەری-حکمتیستەوە لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ پەسەندکرابوو. ئەم دوو جۆختکردنەوە بنەڕەتییەی خوارەوەمان هەبوو. "چەبوونەوەی کۆبەکەی جیهانی و جیۆپۆلەتیکی و ململانێی نێوان زلهێزە ئیمپریالیستەکان و شەڕی بە وەکالەت و مەترسی شەڕی ناستوخۆیان لە دونیای بە لەنگەری ئێستادا، مەترسی گەورە لەسەر ژیانی ئێستا و داهاتووی مرۆڤایەتی دروست کردووە… لە درێژە دا ئەمە زیاتر جۆختمان لەوە کردەوە، "کۆتاییهێنان بەم دۆخە بەستراوەتەوە بە ڕێ و ئامادەبوونی هەشیارانە و ڕێکخراوانەی بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیستی، بە ڕێکخستنی شۆڕشگێڕی کرێکاری بە روخاندنی نەزمی سەرمایەداریی هەگەڕاوە و ڕۆگریکردن لە بەربەریەت". لەم سیستەمدا هیچ ڕۆگەیەکی سەیەم نییە.

ڕەحمان حوسێن زادە
٧ ئابی ٢٠٢٥

کاریگەری ناڕەزایەتی جیهانی لەپەیوەند بە برسیکردن و کوشتار لە غەزەوە!.. نووری بەشیر

کۆمەکوژیەک لە ٢٢ مانگی رابردووەدا لەژێر سایەی حکومەتی فاشیستی ئیسرائیل و بە هاوکاری حکومەتەکانی؛ ئەمریکاو زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپاو بەریتانیا لە غەزە دەستی پێکرد، بەردەوامەو لە چەند مانگی رابردووەدا پێی نایە دەورەیەکی نوێ لە برسیکردن و کوشتاری ژن و منداڵ و پیرو لاو لەسەرەی یارمەتی خەراک وەرگرتندا. وەنەی برسێتی و مردن و کوشتاری منداڵان و دایک و باوکان لە میدیا حکومی و غەیرە حکومیەکان هەناوی هەموو مرۆڤێک کە یەک تەز هەستی ئینسانی تێدا بێت، هەژاند.

ئەوەی دەورەی رابردووە لە روخانی خانووە و نەخشانەو قوتابخانەکان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا، تەنها کارو کردەوەی وەحشیانەی حکومەتەکەی ناتانیاهۆی نەدەخستەووە، بەڵکو کارنامەی حکومەتەکانی؛ ئەمریکاو بەریتانیاو ئەوروپاشی خستەووە، لە دیموکراسی و مافی مرۆڤێک کە ناوی دەبەن و ئیدعای بە دەکەن، ئەوە پشێلکاری هەموو مافە جیهانیەکانی مرۆڤە کە هەموو ئەو وڵاتانە خەیان بەشداربوون لە داشتنیدا، ئەمە ترس و تۆقاندنی تەنیا خەڵکی فەلەستین نیە، بەڵکو ترسە بەسەرجەم مرۆڤایەتی لەدنیادا.

حکومەتە هاوکەی ناتانیاهۆ کۆمەکوژی ئەنجامەداو سەرانی حکومەتەکان لە: بایدن و ترامپ، سوناک و کیێر ستارمەر، ماکرۆن و هەروەها سەرکەکانی ئەڵمانیا، ئیسپانیاو ئیتالیا بەهانیان دەهێناوە کە حکومەتی ئیسرائیل بەرگری لەخەی دەکات و بەم بیانوش بەردەوام کۆمەکی مادی و مەعنەویان دەکرد، حکومەتەکان و حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی یان شەرمنەکانە قسەیان دەکرد، یان راستەوخۆ خەریکی بەرنامەی سیاسی و ئابوری خەیان بوون لەگەڵ ئەمریکاو سەرانی حکومەتانی ئەوروپاو ناوچەکەداو تەنانەت ئیسرائیلیشدا.

ئەم هەڵوەستانەی حکومەتانی سەرمایەداری و حزبە بەرژوازیەکان و

وەستانیان لەپاڵ کۆمەکوژی خەڵکی فەلەستیندا بەتایبەت لە غەزە کە لایەن حکومەتی هاری ئیسرائیلەوە ئەنجامدەدرا، تاکە شانە نیبوو کە نمایشی تەدا دەکرا، بە سەرکەوتنی ناتانیاهۆو ئەمریکا لە بردنەپێشەوەی نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لایەکی تری شانیەکی تر، مەیدانێکی تر، هەوەستێکی تر لە بەرامبەر ئەو تراژیدیا ئینسانیەدا کە بەپەردە بەبەرچاوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەم سەدیەوە ئەنجامدەدرێت کاردانەوەیەکی تری هەبوو، واتە بزوتنەوەیەکی ئینسانی کە دژی ئەو کۆمەکوژی و تراژیدیایە، دژی سیاسەتی ئەو حکومەتانەیە کە هاوبەشن لەو کۆمەکوژیەدا، ئەویش ڕیزی دەیان و سەدان ملیۆنی خەڵکی ناڕازی جیهانە لەیەکەمین ڕۆژکانی ئەنجامدانی کۆمەکوژی خەڵکی غەزەدا، تا برسیکردن و کوشتاری سەرگرتنی خەڵکی مەدەنی بە هاوکاریە مرۆیی جیهانیەکان، شەڵگیرانەو بەردەوام ناڕازایەتی نیشانداوەو لە فراوانبوونداینەو کاریگەریکانی دەرکەوتوون.
بزوتنەوەو ڕەزمک لە خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست کە ڕیشەیکی مێژووی هەیە لە خەباتی چینی کرێکارو ژنان بە ماڤکانی مرۆڤ، ڕەزمک لە چینی کرێکارو یەکێتیکانیان و ڕیزمک لە چەپ و سۆشیالیستەکان کە بەردەوام لەماوەی ئەم کۆمەکوژیەی خەڵکی غەزەدا ناڕازایەتیان دەربیوەو لە شەقام و ناوەندی شارکانی جیهاندا، نەک تەنیا بەدژی ناتانیاهۆ و حکومەتەکەی، بەڵکو بەدژی حکومەتە بەرژوا کۆنەپەرستەکانی وڵاتانی خۆشیان وەستاونەتەوە و سەرانی حکومەتکانیان بە هاوبەشی ناتانیاهۆ دانەوە لەو کۆمەکوژیەدا.
ئەم ناڕازایەتیانە لە ئەمریکاوە تا ئەورووپا، بەریتانیا، ئوسترالیا، یابان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیا و ئەفریقا تا تەلئەبیب لە ئیسرائیلی، گرتەوە. سەرانی ئەمریکاو ئەورووپاو بەریتانیا بە هاوبەشی تاوانی کۆمەکوژی لەگەڵ ناتانیاهۆ دەزانن و دەڵێن بەناوی ئەمە شتە مەکەن و بەناوی ئەمەوە کۆمەکوژی ئەنجام مەدەن. لەژێر کاریگەری ئەو ناڕازایەتیانەدا بوو کە لەسەر داوای حکومەتی ئەفریقای باشوور و چەند وڵاتی دیکە، دادگای دای نەودەوڵەتی بەیاری دەستیگکردنی بە ناتانیاهۆ و وەزیری جەنگی پێشوی ئیسرائیل دەکرد. ئەستاش و لەئاکامی بەردەوامی دەوڵەتانی ڕۆژاوایدا بە ئیسرائیل و جینسایدی خەڵکی غەزە، خواستەکە فراوانتربوونەوە بە داوای دادگایکردنی سەرانی حکومەتکانی خۆیان کە هاوکاری ئابووری و سیاسی و چەک و تەقەمەنی حکومەتی ئیسرائیلیان کردوە بە تاوانی بەشداریکردن لە جینسایدو برسیکردنی خەڵکی غەزە. ئەم فشارەش بەجۆرێك کاریگەری لەسەر دەوڵەتانی ئەورووپی و

ڕۆژاوا داناوە کە خەریکە هاوکێشەکان بەجارێک لە هەوەستی حکومەت و سەرانیاندا دەگۆڕێت. بەوەی داوا لە ئیسرائیل دەکەن شەڕەکە ڕابگرێ و ڕێگا بە چونناوەوەی کۆمەکی مرۆیی بە ناو غەزە بدات و تەنانەت باس لە دان نا بە دەوڵەتی فەلەستیندا دەکەن.
ئەم ریزە ملیۆنیە مرۆڤدۆست و ئازادیخوازیە، ڕۆژانەو هەفتانە بەردەوام لە ئاستی دنیادا بەدژی حکومەتی ئیسرائیل و هاوکارانی مەوجود بووە، وەنەی سەرانی حکومەتکانیان لەپاڵ ناتانیاهۆدا داناوە و میدیای حکومەتکانیان تاوانبار کردوە کە ڕاستی هەلومەرجی غەزەو هەلومەرجی برسێتی و کوشتارو تراژیدیایەک لەو ئەنجامدەرەت ڕاناگەیەنن، پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانیان خستەتە ژێر فشارەوە کە هەویست بنوێنن، بەڵام کاریگەریەکان لەم چەند هەفتەیەی دوایی شتێکی دیکە نیشاندەدات.
لە ئاکامی ئەم فشارە جیهانیەوە سەرانی ٢٨ وڵات، داوای ڕاوەستانی کوشتاری ئیسرائیل دەکەن لە غەزە، داوای کردنەوەی دەروازەکان و ناردنی ئەو هەزاران بارهەڵگرە دەکەن کە حکومەتی ئیسرائیل ناهەڵەت بگەنە خەڵکی برسی، داوای دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل دەکەن، هەندە لەو وڵاتانە قەدەغەی سەردانی سەرانی ئیسرائیل دەکەن و ئاگر بچنە وڵاتەکانیان دەستگیر دەکرێن، میدیاکان خەریکن ئاماری قوربانیەکان دەخەنەروو! لە ڕاگەیاندنی ٥/٧/٢٠٢٥ی وێبسایتی DW ی ئەڵمانی بەزمانی عەرەبی، تەنها کوژراوانی لە غەزە بە زیاتر لە ٨٠ هەزار کەس ڕاگەیاندووە، ئاماری منالانی کوژراو بە نزیکەی ١٩ هەزار دادەنرێت، ئەوە ژمارەی بریندارو ونبوو و داروخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی زیاتر لە دوو ملیۆن ئینسان هەر باس ناکرێت. زیاتر لەسەد ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی ڕاگەیاندنیان دژی پێشێلکاری حکومەتی ئیسرائیل دا، کۆشتی مرۆڤدۆستی لە دەریای ناوەڕاستدا بە شکانی گەمارۆی سەر غەزە بەردەوام، ناڕەزایەتیەکانی ناوخۆی ئیسرائیل بەدژی کۆمەکوژی ناتانیاهۆ لە غەزە لەزیادبوندایە.
کاریگەریەکانی ئەم ریزە فراوانە لە ناڕەزایەتی لەدنیادا نەک تەنها لەشەقام و ناوەندەکانی شاردا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکو چەتە ناو کابینەکانی حکومەت و پەرلەمان و خودی حزبەکانی دەسەڵاتیشی گرتەتەوە و ترسی لەبەریەک ترازانیان هەیە، ئاگەر دۆڕی پێشوو تەنیا بە قەدەر ژمارەی پەنجەی دەستەکان ئەندام پەرلەمانی وڵاتەکان ناڕازی بوون، ئێستا بەسەدان ئەندام پەرلەمان داوای مەحکومکردن و پێوەندی پچڕاندن لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل دەکەن، داوای دەستگیرکردنی سەرانی حکومەتکەی ناتانیاهۆ دەکەن، واتە ئەم ناڕەزایەتیانە بووەتە یەک ئەمری واقیع و یەخەی هەموو حکومەتە سەرمایەدارێکانی گرتەتەوە، بەتە بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی لەناو

هەموو خەزانێک، لە ناو یەکێتیە کرێکارییەکان، لەناو نێک تەنیا حزب و کەسایەتی چەپ بەڵکو ناو حزبەکانی دەسەڵاتیشی گرتتەوە.
ئەم ناڕازایەتیانە لە ناو هونەرمەندان و کەنسەرتەکانیاندا، لەناو ڕۆژنامەنوسان، دکتەر، قوتابیان، مافناس، ڕەخنەگراو حکومی و ناحکومی و ئینسانیەکانی وەک ئەمنستی ئینتەرناسیونال و هیومن رایت وۆچ و یونیسێف، ڕەخنەگرانی یوئین و دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان و هەتا چەتە ناو خودی نێتەوە یەکگرتووەکانەوە، لەوەش زیاتر سەرانی وڵاتەکان هەژشە لە ئیسرائیل و ناتانیاهۆ دەکەن، کە گەمارۆی سەر ئەو هەزاران بارهەڵگرە لابەرێت کە ناهەڵێت بگاتە خەڵکی برسی غەززە، لەوەش واوەتر ژمارەیەکی زۆریان بەیاریان داوە کە لەمانگی ٩دا لە کبوونەوەی نێتەوە تەکگرتووەکاندا مەسەلەی دان نان بە دەوڵەتی فەلەستین لەپاڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا بەرگری لێبکەن.
ئەم ئاڵوگۆڕانەی ئەم چەند هەفتەیە لە هەوەستی حکومەتان و سەرانیان کە تا دوێنێ بەهانیان بە کەمەکوژی ئیسرائیل دەهێنایەوە ئێستا تاوانباری دەکەن، ئەوەی تەنیا حکومەتی ئیسرائیلیان بە ڕەسمی دەناسی، ئەمە روخسارو هەوەستەکی نوێیان گرتەبەر کە سەدو هەشتا پلە جیاوازە لەوەی پێشوو لە بەرگری لەدەوڵەتی فەلەستین، بگومان بە دەربازکردنی خەیانە لەژێر باری ئەو فشارە جەماوەریەی لەلایەن هاوڵاتیانی خەیانەوە سەبارەت بە مەسەلەی غەزە خراوەتە سەریان و تەنانەت داوای لەپەچینەوەیان دەکەن بە تەمەتی بەشداریان لەو تاوانەدا کە دژی غەزە دەکرێ!
ئەم فشارە جیهانیە بوو کە ئیسرائیل و ئەمریکاو پشتیوانەکانی لەناو دەوڵەتانی ئەوروپا بەجۆرێك لەباری سیاسی و دیپلۆماسیەوە تەریک خستەوە کە ترامپ ناچاربێت فشار لە ناتانیاهۆ بکات بەماوەیەکی کاتی ئاگربەست ڕابگەیەنێ و ڕێگا بەچونناوەی کەمەکەکان بە غەزە بدات. ئەم بزوتنەوە جیهانیە ئەو هەڵە مەزنەیە کە دەتوانێ ئەم بەربەریەتەی ئیسرائیل و ئەمریکاو ووڵاتانی ئەوروپی دژی خەڵکی غەزە و فەلەستین ڕابگرێ و پرسی فەلەستین و بەرسمیناسینی دەوڵەتی فەلەستین، سەرەڕای ملبادانەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل، بکاتە واقیع. بەوەش زەربەیەك لەم شەقاوچێتیەی بەرژوازی و ئیمپریالیزم بدات کە دنیانەوە جیهان گیردەی کارەسات بکەن لەپێناو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خەیاندا.
٩ی ئەگستی ٢٠٢٥

عێراق بەرەو زریانێکی تر!..
عوسمانی حاجی مارف

هێرشەی حزبوللا لە ناو حکومەتی بەغدا، بەخواستی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەماوەی دوو مانگدا، واتە دەستپێکردنەوەی هەرشەکان بە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە عێراقدا. لەلایەکی ترەوە سودانی وەک نوێنەری هێوەستی حکومەت کە بەردەوامی مانەوەی ئەو هێزانەی ئەمریکا لە بنکەکانیاندا بە پێویستیەک بە پاراستنی سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق دەزانێت، ئەمەش نیشاندانی ناکۆکی نێوان هێزەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگیە" کە لە حکومەتی عێراقدان، کە واقیعی دەخی سیاسی ئاژاوە و سەرلێشێواوی زیاتر بەخۆوە دەبینێت و ئاگری ئەو هەیە قوڵتر بێتەوە، وە پەرتبوونەکەی زیاتر بێت و دابەشبون لە نێوان پایەکانی سیستەمی حوکمانیدا فراوانتر بکات.
دەخی عێراق ئاڵۆزتر بووە، کاتێک دوو پێچەوانە لە یەک کاسەدان، لایەک کە بەشکە لە بەیاردەری سیاسی، نەتوانێ خۆی لە نفوزی ئێران دوور خاتەوە، لەهەمانکاتدا لاکەی تر کە هەمان بەیادەری سیاسیە، بەتام چاوەڕوانی لە دەوری ئەمریکا هەبێت لە عێراقدا، ئەتوانین ئاڵۆزی و گۆژاوی دەخەکە بناسین.
لەم چوارچێوەیەی ئێستادا کە دەسەڵاتداریەتی لە بەغدا درێژە بە هێرشەوی ئاڵۆزی خەیان ئەدەن، بە ساغ نەبونی یەکدەستیان لە سەر پاشکەبون بە ئێران یا ئەمریکا، لەلایەکی ترەوە لە چوارچێوەی ململانێی بەردەوامی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێردا ئەمسەرو ئەوسەر دەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی بارزانی و حکومەتی هەرێم خاوەنی زانیارین سەبارەت بەو ناکۆکی و هێرشە جدیانەی کەدەتوانن هێرشە لە سەر حکومەتی ئێستای بەغداد بکەن، بۆیە لەهەر فرسەتێکدا بارزانی یاریەک دەکات و کارتێک فرێ ئەداتە سەرمێزی قومارخانەی دەسەڵات.
ئاگەر چوارچێوەی هەماهەنگی پەداگری لەسەر پابەندبون بە خواستی ئەمریکا بە ڕادەستکردنی چەکی میلیشیای حەشدی شەعبی بە حکومەتی عێراق نەکات، دەرگیری واقعیەتێکی ناتەندروست دەبێت، رادەستیشی بکات پێگەی دەسەڵاتی تەواو لێق دەبێت!.
ئەمریکا جەختی لەسەر جدیەتی هێرشکانیەتی سەبارەت بە

هێرشانەوەی حەشدی شەعبی، هەر لەم بارەیەوە ئەمریکا نیگەرانە بە دواخستنی یاسای پێشنیارکراو کە لە پەرلەمانی عێراقدا تاوتوێ دەکرێت و تائێستا نەخراوەتە دەنگدانەوە، چەند جارێکە دەنگدانەکە دوادەخرێت لەبەرئەوەی نوێنەرانی سوننە و کورد لە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەرچوون، بۆگوترەی نوێنەرانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەیانەوێت ئەو یاسایە بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق بناسێنن.
بە مانایەک ئەم دەستوەردانە دژەکیەی ئەمریکا لە عێراقدا و هەوڵدان بە هێرشانەوەی حەشدی شەعبی لەگەڵ ویست و دووری ئێراندا نایەتەوە، هێروەها داوای حزبوللای عێراق بە خێراکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، بەمەبەستی ئەوەیە لەگەڵ بنکە سەربازیەکانی ئەمریکاوە کە دەکەوێتە سەر خاکی عێراق، ئێران نزیکترێت ئامانج.
بەگەم واپەدەچێت حکومەتی عێراق چیتر فرسەتی وای بەدەستەوە نەمابێت، چونکە بەگەڵ و پەوەرەکان ئەوە دەگەیەنن کە سیاسەتی ئەمریکا لە بەیاردان بە دابەانی عێراق لە ئێران پەداگری خێرا دەکات، واتە ئەم سیناریۆیە گەیشتوەتە ئاستێک لە هەوە بەکەتایەهێنان بە حەشدی شەعبی و فشارهێنان بە جێبەجێکردنی.
هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، هێنگاوەکانی ئەمریکا بە هێرشاندنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە هەڕەشەیەکی ئاستەوخۆ بە سەر کاریگەری خۆیان و سەرۆتای دامانی سیستەمی سیاسیان دەزانن، پێیانوایە چەکداماێینی حەشدی شەعبی جیاوازی نیە لەگەڵ نموونەی "شەواندنی ئوخساری مرەقدا"، وەک ئەوەی لەبەرامبەر هێندێک نەتەوە و مەزهەب لە سوریا کراوە، کە دەبەتە زریانێک بە سەر پێکهاتەی دووەتی عێراق.
ئێگەری زریانی داهاتوی ئوو بە عێراق، کە بە بەگەڵ و نەخشە سیاسیەکانەوە دەخرێتە ئوو، کاریگەریەکەی تەنها لەگەڵ ململانێی ئێران و ئەمریکاوە دروست نابێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا لە سایەی ئەو دەستە میلیشیایانەوەیە کە دوو دەیە زیاترە حوکمەانی عێراق دەکەن، جگە لە تاانچێتی و جەردەیی و وێرانکاری و ئاژاوە و خولقاندنی کارەسات هیچی دیکەیان لە ناچنرێتەوە.
بوونی میلیشیا چەکدارەکان لە پەرلەمانی عێراق هەمیشە نوێنرایەتی دەخێکی نائاسایی مەترسیدار دەکەن، کە ئاماژەیە بە قەیرانێکی سیاسی بەردەوام کە لە ئەنجامی شەی نەوانیان و باادەستی بە هێزی چەکداری و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بارگرژی و هێزنەگرتن لە ئاسودەی و ئارامی دەبەتە هەی ناسەقامگیری سیاسی و ئەمنی و کەمەایەتی، کە چەندین ساەڵ خەڵکی عێراقی پێ زەلیلکراوە.

ژەمی عێراق ئەمڕۆ لە گۆڕەپانێکدا وەستاوە، وەکوو زیاتر لە سەر پاوانخوازی هێزە میلیشیاکانی سەربەئێران و باڵادەستی مەزهەبی شیعەیە، کە بەردەوام هەڕەشەیە لە ناسەقامگیری خودی دەوڵەت و قبول نەکردنی ناساندنی دەستورە لەسەر بنەمای هاوڵاتیبون، بەم شێوەیە عێراق لە ئایندەیەکی تاریک و نادیار دادەگیرێت.
ئێران و ئەمریکا لەسەر چاودێریکردنی دۆخەکەن، لەملمانێی نێوانیان و بە گەمەی سیاسی خۆیان پشتیوانی لایەنە جەربەجەرەکانی عێراق دەکەن، کە ئەو لایەنە سیاسیانەیان کردەتە پاشکۆی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی خۆیان، ئەمەش عێراقی خستەتە ناو بازنەی ململانێیەک کە ئیرادە و هەبازی سەربەخۆی تەواوی هێزو لایەنەکانی خاڵی کردەتەوە، چارەنوسی عێراق تەواو گرێی خواردووە بە ئایندە و هەڕەوی ئەو ململانێیەی ئێران و ئەمریکا کە نازانرێت کەی یەکلایی دەبێتەوە.
لایەنێکی دیکەش کە پێوەندی بە دووبارە ڕیزکردنەوەی هێزە شیعەکانەوە هەیە، بزووتنەوەی سەدریەکانە، سەرەڕای کشانەوەیان لە پەرلەمان، وەک یاریزانێکی بەهێز لەسەر شەقامەکان ماونەتەوە بە پشتبەستن بەوەی هەوەدەن شەرعیەتی هەبژاردن پێناسە کەنەوە، بە نیازن لەم دۆخەی ئێستادا گەر بەیان بلوێت گەمەیەکی تر لە گەڕەپانەکەدا بکەن، هاوکات هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی هەوەدەن پێگەی خۆیان بپارێزن، بەتام ئاشکرایە ڕوبەڕوی ئاستەنگی زۆر و فشاری ناوخۆیی و دەرەکی دەبنەوە.
ئەوەی شایانی باسە هێزی لایەنە کوردیەکان و سونەکان لە هاوکێشەی سیاسی داهاتوی عێراقدا و لە نێوان دۆخالەتی ئێران و ئەمریکا لە عێراقدا بە بایەخ نیە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەدانی هاوپەیمانی نوێ لە دەرەوەی سەرکردایەتی ئێستای حکومەتی عێراقدا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە هاوسەنگی هێز لە بەغدا بگۆڕێت. لەم دۆخەشدا هێزە کوردیەکان بەدەست دووبارەکی و ململانێی ناوخۆییەوە دەناڵێنن، ئەمەش وەک هەمیشە پێگەیان لە یاریەکان و دانوستانەکاندا لاواز دەکات، یان ئەگەری زۆر زیاتر بارزانی بکارتی قومارەکانی دەتوانێت یاریزانێکی بەتواناتر بێت و سود لەم دۆخە وەرگرێت.
لەلایەکی ترەوە هێزە سونەکان هەوەدەن خۆیان لە قاڵب بدەنەوە و خۆیان لە چوارچێوەی دیمەنی سیاسیدا جێگیر بکەن و لەبیزی هاوشێوەی حکومەتی ئێستای سوریادا، خۆیان لەگەڵ ئەمریکا بگونجێنن، کە دەورانێکی تر و بە هەڵکی تر گۆڕاوی سیاسی و نائارامی لە عێراق دروژە پەدەدەن.
لە ڕاستیا ئەتوانین بڵێین دیمەنی ئێستای عێراق و ئایندەکەی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە لە وێنەی سیناریۆکانی واقیعی ئێستادا دەبینرێت، لەنێوان هێزە سیاسیەکانی دەسەڵاتداری ئێستا و فراکسیۆنەکانی

دیکە، واتە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هەر هێزێکی چەکداری تر، ئەمە لە گۆڕەپانی عێراقدا شتێکی دواین موزایەدەی مان و نەمانی ئێران دەکرێت.
ئەوەش کە جێگای ئاماژە پێدانە هەموو ئەو قسانەی لە ئێستادا لێبڕاوی داواکارییەکەی ئەمریکا و نەودەوڵەتی بە هەڕەشاندنەوەی میلیشیا و کوتلە عێراقییەکان بەاودەکرێنەوە، نابینرێت کەڕەنجدی مامەڵەی دەکرێت و بەم زووانە جێبەجێ بکرێت، دیداری ئەم دواییەی نوێنەرانی سودانی و ئینتەرپۆلی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، باشترین بەڵگەی کشانەوەی ئیدارەی بایدن بووە لە مەلەفی عێراق و ڕاوانکردنی بۆ ئیدارەی نوێی ترەمپ، پەموابۆ هەر ئەمشۆ کە سودانی و حکومەتی عێراق فرسەتی ئەوێیان هەیە خاوخاوی تیا بکەن.
بۆیە واپەدەچێت جارێ چەکی میلیشیاکان لە ئێستا زیاتر بۆ پاراستنی "دەسکەوتات" لە ناوخەدا بەهێنەوە، نەک بۆ هەڕەشەی دەرەکی، هەروەها تاران متمانەی بەو چەکانە و کاریگەرییەکانی نیە بۆ بەردەوامی دەخالەتی لە عێراقدا، بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تەواوی عێراق بارمتەی کەمەگەی نەودەوڵەتیە و چاوەڕێی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا و ترەمپ دەکات.
سەردان و چالاکیەکانی سودانی لە دەرەوەی وڵات تەنیا "نمایشێک" و هەوڵێکە بۆ بەبازاڕکردنی وێنەی سەرکۆزیران وەک فریادڕەسێک بۆ ئای گشتی عێراق، لە هەمانکاتدا هەوڵێکی سودانیە بۆ پاراستنی پێگەی چوارچێوەی هەماهەنگی و میلیشیاکانی.
لایەکی تریش ژینگەی هەبژاردن لە عێراقدا لە قەیرانێکی قووتردایە، بەهەی دابەزینی متمانەی گشتی بە دەسەڵاتی سیاسی و تەواوی لایەنە سیاسیەکان و دامەزراوەکان، بەردەوامی لە کێشەبونی دەسیەی گەندەڵی، ئەزمونەکانی پێشوتریش، بۆتایبەتی هەبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۲۱، دەرکەوتووە کەلێنی قووترەبونەوەی زیاتری نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵات، لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرزی بێشداریننەکردن لە دەنگداندا، هاوکات لەگەڵ تەمەتی ساختەکاری و نەبوونی شەفافیەت لە ئەنجامەکاندا.
دژە هەبژاردنی داهاتوو نوێنەرایەتی ساتەکی هەستیار لە مەژووی سیاسی عێراقدا بکات، کە بەردەوامی لە سوێی دوبەرەکی و ئیفلیجی سیاسیدا دیاری دەکەن، شکستی زیاتری حکومەتی فیدرالی بەرجەستە دەکەنەوە، بۆیە گرووپەکانی ئەمە تەنها لەسەر ئەوە نیە کە کە سەردەکەوێت، بەڵکو لەسەر ئەوێیە کە ئایا ئەوانەی سەردەکەون دەتوانن سەقامگیری لە دەخی سیاسی عێراقدا بدیبەنن؟ لەکاتێکدا کە زریانێک لە ئاوگەڵ لەسەر ڕێگای دەخی سیاسی عێراق لە ململانێی ئێران و ئەمریکادا شێپەل ئەدات.

کلیلی گۆڤانی سیاسی لەدەخی ئێستای عێراق و دەرکەشانی لەو گۆڤاوەدا، هاتنەمەیدان و سەرهەڵدانی هێزی سەربەخۆی جەماوەریە وەک هێزکانی تشرین و بزوتنەوە مەدەنیەکان و خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفراوان کە تەحەدایەک بە دەسەڵاتی ئێستا دروست دەکەن، ئەمەش وەک بزوتنەوەیەک کە هەوڵ ئەدات دەورو دەخالەتی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا بەدەست بهێنێت و جڵگیر بکات، گەربتوانن لە ژێر بەرنامەی واقیعی ئینساندۆستی و ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی و هاوپەیمانی فراواندا رێکخراوبن و یەکگرتوبن، ئەتوانن پشکۆوتن و پشەوی و مرۆڤایەتی لەسەر نەخشەی سیاسی لە هەر شوێن و پارچەیەکی عێراقدا بەدەستبهێنرێت و بەر بەهەر زریانێک بگرن کە تەحەددای دانیشتوانی ناوچەکە دەکات.

عوسمانی حاجی مارف

من کە هیچ موناسەبەیەکم نییە.. نەوزاد بەندی

لەو سەری دنیاوە
هەتا ئەمسەری دنیا،
شتێک نییە وام لێ بکا سەرسام بم .

جاران حەزم ئەکرد،
شەوانی باران،
کەسێک لای پەنجەرەکەوە ،
بە بە موقابیل گوڵم بە هادەرە ..

من بەیانیان ،
وەک سزا تەماشا ئەکەم،
چونکە لە خەو هەڵمانئەسێنێ،
بە ئاوەی زەمین وەرانتر بکەین ..
ملیۆنها گیانداری بێتاوان سەربەینەوە ،
بە ئاوەی ئاودەستخانەکان پیستر کەین ..

کرێکارێ لەسەر داخوازی ئاغایەک، سەرقاڵی ئوخاندنی شاخێک..
شاخێ ملیارێک ساڵ زیاترە،
هیچ دڵنیایەک لە گۆڕی کاتری پێنەوتووە ..

گەیشتوومەتە بەوایەک
هەمووان درێ ئەکەن ..
هەموومان تاوانبارین ..
زەوی لەوە زیاتر بێ کەسکی شیعر نایەت ..
مەگەر بێ زیرەکی دەسکرد ..
چیدی دەریا نەهەنگ ناگرێتە خۆی ..
سانتیاگۆیەکی تر ،
جارێکی تر ناچێ بۆ ئاو …

بۆ کراسێکی نیو قۆڵەوە،
بەیار ئەدەم هەر لە ماڵ بمێنمەوە ..
ماڵ کراسەکەم ئەخوازێ و ..
بۆ خۆی ئەواتە دەرەوە ..

تەنانەت کتێبەکانیش
خەریکن ئێچنێ خولی شەفەریی ..
ئەوەی ئوتومبیل لە نەخوێ، شەرەفی نییە ..

ئاو هەر بەشی شەردنی ئوتومبیل ئەکا ..
ئاگر هەر بەشی کوەری ئوتومبیل ئەکا ..
نەوت هەر بەشی دووگیانگردنی ئوتومبیل ئەکا ..
کورد بێ ئوتومبیل یەکسانە بە هیچ ..

هەر بۆیە کە کورد ئەبێتە پەرلەمانتار،
پێش هەموو شتێ ،
لاندکرۆزەرێکی کیلۆمەتر سفری ئەدەنێ ..
ئەوە نرخی عەقڵ و بیرکردنەوە و زمانەتی ..
ئەوە نرخی دین و ئیمان و کەرامەت و ویژدانەتی ..
ئەوە لەشفرۆشییە + ئاحفرۆشیی .

لە خۆشیەکی پێ لە هیچ،
گرانترین شت ئەکوژم، کە کاتێ ..
هیچ کۆناکەمەوە،
چونکە هیچی لە نییە

ەفی کتێبخانەکەم،
پێن لەو دەعوەتنامانەی لە هیچیاندا حازر نەبووم ..
نازانم بۆچی پاراستومن؟
یەک دەقیقە مەتم بێنە،
با بچم بیاندەم ..

دەیمن ..
فەم دانە ستێی خەکەوە ..

حەفتا ساڵ تەمەن بۆچی تەواو ئەبێ ؟
بۆچی بە یەکتر ئەڵێن
تەمەن درێژ بی..؟
ساڵی 364 جار هەمان شت دووبارە بکەیتەوە ..
فێچکە بێنیت بە ددانتا و
لەبەردەم برنج و شلەکەدا دانیشی ..
لەبەردەم دەستگەکی ماندوو ڕاوەستی و .. بڵێی :
دوو کیلۆ بە پێنج هەزار ئەبێ ؟
ئەویش بڵێ : نابێ ..
دوایی دەست بکەیت بە قوتدانی حەبە شینەکە ..

چ عەزابەکە ئەم دنیایە؟
بە سەد گوریس بەستراویتەوە و
ئەبە بیشەی ..
لە هەزار شوێنەوە تەقەت لێئەکرێ و
ئەبە بیشژیت ..

کچە جوانەکان دووگیان ئەکەن و
سەد شیعریان بە ئەخوێننەوە ..
کچە ناشیرین و کەمئەندامەکان،
ئەخەنە ناو زبڵی قەیرەیی و
ئاوەیان لە نادەنەوە ..

بە لەچک و ڕیش خوا هەڵناخەڵەتە ..
کوا کامەتان شمشێرەکەی خالیدی ڕاوشاندووە ؟
کامەتان چوار ساڵی گواویی خەی،
لە پێناوی خوادا سووتاندووە؟
هەموتان چەک دائەدەن و پاڵئەکەون، لە بەردەم بەرازخۆرەکی سەرخۆش
..

لە ژێر ێیش و لەچکەوە ،
وا باوەشتان بە دنیادا کردووە،
مەگەر مردن بە پاچ و خاکەناز
لەکتان کاتەوە ..
ئیتر درێی شاخدارم بە مەکەن،
خوا پەتان ەائبوێرە ..
لە خەپەرستی زیاتر هیچتان پەناکرە ..
هەشتا لە ژێر لەوەوە ئەەەن
حسبي الله و نعم الوكيل ..
جا ئەەەنەوە بە لای ئیشی حەرام و پەەین و گەدە و ێیخەەە پەکردن تا
قەقەنە ..

ئیتر لە دەرگام مەدەن ..
من هیچ موناسەبێیکم نییە بە لام بەن ..
چاوەەە ئەکەم کەتایی بە،
ئەم حەسیر مەیانە ..
باران ئەکەین بە میز و
لە قەراغ شار ،
سەوزەکانی پە ئاو ئەدەین..
ئاژەە و پەلەوەر و دار و بەرد ئەکەین بە پیسایی و ..
بە دزییەوە، هەەی ئەدەینە ژێر زەوی ..
ئەرە لەم خوەەتییە بەزار نەبوون ؟!

دوو شیعری ستار ئەحمەد

سێ گوێە هەنراوە

شیعرێك گوێ نەگرتە ئامێز
زاری رەشو رووتان نەبێ
خەزگەی شاعیر نایەتەدی
شیعر چی یە؟ نەبێتە سەنگەری چیاو
ئاڵای عەشقێکی ئەبەدی
من دەمویست هەنراوەیەکی روو گەشبم

بۆ پاشەڕۆژ بیرێکی نوێ بنیات بنێم
بۆیارێکە ئەم هەنگاوە پاشگەزیش نیم
ئەمڕۆش نەبێ.. رۆژێك هەردێ
وەکو گزنگی سەربەرزی
لە ئاسۆی تەماوی هەڵبێم
شاعیر تووڕە بوون نازانێ
شەو لە تەمی هەور وەڕس بێ
رووی ئەستێرەکان ماچدەکا
شاعیر ئەگەر دەستێکی شووم رایبژەنێ
وەك ئەرخەوان چەکانی چرێی هێناوە دەردەکا

نەورەسێکی زامدار

بارگەی خەمی من پیرێزەو
پیرێزی تێ لە کۆمایە
من بەم بارەوە سەنگینم
لە توێی خەونی کەسكو سوورا
نیگای ئاڵی تێ دەبینم
من نەورەسێکی زامدارم
باران خوێنی زامەکانمە
خۆر هێلانەی هیواکانم
تەریوی لوتکەی خەمێکم
خاكو خۆڵی ئەم زەمینە
دەخەمە سەر چرێی گیانم
ئای کە لە ئەشکی خۆما دەخنکێم
نازانم بۆ هەر تینووموو
دەستەو دامێنی چیایەکم بۆ ووچانم
کانی سووتاو گەرووی حەزێتیو
پەلکی وەریوی دار هەنار برێکانی
ئەی پێم نەوتی!
لە زاری خۆزگەو عەشقی تاڵ تێ ناگەیتو
بە ژانی سەختم نازانی
تێ تەماشاکە کە ئەستێرەیەك دەکوژێتەوە
تاریکی.. دەبێتە بەرگی برسیەکان
مانگ.. ووڕشەی گوارەی نەوبووکێکە
لوتکە.. ئەسپی حەزو تاسەی
خۆر.. دەبێتە نانێکی وون

که بارگەی خەم دەکەمەوە
وەکو نەورەسکی تەریو
دیسانەوە دەبیت بە من
منو تۆو خەمو هۆنراوە
پەراوێزی مژوویەکین
لەسەر سنگی ئەم زەمینە
وەکو چیایەکی بە تەمین
ڕۆژو مانگمان لێگیراوە
پڕ لە کانی ئەشك ڕژین
خەوەتگای بۆاو شەو نوێژین
بەڕام خۆمان خەزانکین
تەمی هیوامان بارژەیە
زامی ناخمان جێگەی ژانە
دورگەیەکی پڕ کێشەیە

ستار ئەحمەد
•